# ڕۆژامە هەڵات.. بارزانی هات

دوای یازدەساڵ لە تاراوگەو مانەوە لە یەکێتیی سۆڤیەت و لە شەشی تشرینی یەکەم و هەر لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، سەرکردەو ڕابەری گەورەی کورد مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی دەگەڕێنەوە خاکی نیشتمان، ئەو سەرکردەیە بە ئەزموونێکی تژی لە بەرخۆدان و خۆڕاگری و قارەمانێتی و عەگیدی گەڕانەوە، ئەوو هەڤاڵەکانی ڕووبەڕووی مەترسی و مەینەتی و ڕووداوی زۆر تراژیدی بوونەوە، هەر لە ڕاوەدوونان و هێرشی کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیاو حکومەتە ڕەگەزپەرستەکانی عێراقەوە بیگرە تا ڕووخانی کۆماری نۆبەرەی کوردستان لە مەهاباد کاتێ بارزانییەکان بەپەرۆشەوە ڕوویان تێکردو پارێزگارییان لێیکرد، هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو ڕووبەڕووی مامەڵەی ناهەمواری سەردەمی ستالینی دیکتاتۆر و چەوسانەوەی شۆڤینییانەی باکیرۆف بوونەوە، بارزانی خۆی و سەدان کەس لە هەڤاڵانی کە دابەشببوون بەسەر کۆمارەکانی سۆڤیەت لە ئاسیای ناوەڕاست لە ڕەوشێکی گەلێك خراپدا بوون، نەك هەر لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە، بەڵکو لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە کە بێباکانە و بە درێژایی قۆناخەکانی مێژوو تەنیا تەماشاکاری تراژیدیای کورد بوون.

بارزانی و هەڤاڵانی لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران گیرسانەوە، دوای ئەوەی ڕازی نەبوون کە خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ئێران بکەن، بۆیە لە درێژترین ڕێڕەودا بەردەوام بوون و گوێیان بە سوپاکانی ئێران و عێراق و تورکیا نەداو توانییان لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ لە ڕووباری ئاراس بپەڕنەوە، ئەو ڕۆژەش بوو بە ڕۆژێکی پرشنگدار لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، بارزانی لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ نیشتماندا لەگەڵ هەندێ لە هەڤاڵەکانی سەردانی ڕۆمانیاو هەنگاریاو چیکۆسلۆڤاکیایان کرد، هاوکات لەسەر بانگهێشتی سەرکردەی عەرەب جەمال عەبدولناسر سەردانی میسری کرد.



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

هەر لە سەرەتادا ئێمە بەردەوام پەیڕەوی ڕێبازی بارزانیمان کردووە، هەوڵمانداوە سوود لە ڕێبازو ئەزموونی دوورودرێژی خەباتی ئەو سەرکردەیە وەربگرین، دوور لە ئایدیۆلۆجیا کە بە سرووشتی خۆی لە چەندین ئەفسانەی باوەڕپێ نەکراو پێکدێت، ئەمانە لە فیکری بارزانی و ڕێبازەکەیدا بوونیان نەبووە، بەڵام فیکر شتێکی مێژووییە و کاریگەرییەکانی دواتر دەردەکەون، هەندێ جار ئەو پرۆسەیە لای هەموو گەلانی جیهان سەدان ساڵ دەخایەنێت، فیکری بارزانی پەیوەستە بە مێژووی کوردەوە، ئەو فیکرە نەتەوەییەی کە بارزانی هەڵیهێنجاوە لە داستانی کاوەی ئاسنگەرەوە دەست پێدەکات و تا ئەمڕۆش بەردەوام بووە، بە واتای ئەوەی کە پرسی نەتەوەیی کورد پەیوەستە بە داستانی کاوە و جەژنی نەورۆز، کە بۆتە ئامرازێکی ورووژاندنی ئەو پرسە، ئەمەش جەژنێکی نەتەوەیی کوردەو بە پێچەوانەی زۆر گەلانی ناوچەکە کە ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن بە بۆنەی هاتنەوەی بەهارو بووژانەوەی سرووشت، داستانی کاوە کاریگەریی هەبووە بۆ سەر لایەنی شۆڕشگێڕیی فیکری نەتەوەیی کوردی، هەروەها بۆسەر بیروباوەڕو فیکری زەردەشتی، کاریگەریی هەبووە بۆسەر لایەنی ئاشتیخوازانەی ئەم فیکرە وای کردووە کە هاوتەریب بێت و دژی توندوتیژی و پەرگیری بێت، بە پێچەوانەی گەلانی دیکەی ناوچەکە کە چەندین بزووتنەوەی توندڕەوی وەك ئەتاتورکی و بەعسییان تێدا دەرکەوت، بەڵام لە کورددا ئەمە سەری هەڵنەدا. هەموو گەلێکی سەر ئەم زەمینە پاڵەوان و کاریزمای خۆی هەیە، بەڵام بارزانی جیا لەوانە خاوەن فیکرو ژیانی پراکتیکی تایبەت بوو، بارزانی لە نزیکەوە تێکەڵ بە ژیانی ئەزموونی سۆشیالیستی بوو، کاتێ بە ڕێڕەوە مێژووییەکەی چووە یەکێتیی سۆڤییەتی جاران و زیاتر لە دەیەیەك لەوێ مایەوە، لەو سەردەمەدا نیوەی جیهان سۆشیالیست بوون، چارەسەری پرسی کوردیش بە پێی پرەنسیپەکانی سۆشیالیستی

دەخرێتە دیالۆگ و دانوستانەوە، ئەم ئەزموونە فیکری بارزانی بەهێزکرد، کە بە چاوی خۆی بینی چۆن سۆشیالیزم بە کردەنی شکستی هێنا لە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، ئەمەش ئاماژەیەکی کاریگەر بوو لە فیکری بارزانیدا.

بارزانی یەکەم سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، رۆژێك لە رۆژان فیکری مارکسی یان لیبراڵی لە رێبازەکەیدا دەرنەخستووە، بەڵکو هەمیشە مۆرکی نەتەوەیی کوردستانی و لێبووردەیی و کرانەوە لە رێبازەکەی رەنگی دەدایەوە، بایەخی زۆری بە کۆمەڵگەی کوردەواری دەدا و هەمیشە لەگەڵیدا دەژیا، دوای ساڵی ١٩٧٠ و واژۆکردنی رێککەوتننامەی ئاداری مێژوویی هاتمە لای بۆ پیرۆزباییکردن، لە ئێوارەدا لە میوانداریی ئەودا بووین لە حاجی ئۆمەران و نزیکەی ٤٠ بۆ ٥٠ کەس لە مەجلیسەکەی دانیشتبوون، یەکێك لەوانە سکاڵایەکی خستەڕوو تایبەت بە رەفتارو هەڵسوکەوتی هەندێ لەو شوفێرانەی کە لەسەر رێگای حاجی ئۆمەران- گەلاڵە مێگەل و گارانەکان دەتۆقێنن و زیانیان پێ دەگەیەنن، بۆیە بارزانی دوای ئەوەی بۆ یەك کاتژمێر لەسەر ئەم بابەتە قسەی کرد، دواتر گوتی: پێویستە رێز لە هەست و ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی خەڵك بگرین، یەکسەر ئاوڕی لە شەهید فرەنسۆ هەریری دایەوەو پێی راگەیاند کە بێ دواکەوتن و لە سبەینێوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات.

ئەو ناکۆکییانەی لە نێوەی شەستەکان لە ریزەکانی پارتی هاتنەئاراوە، هەروەك دەگوترێ شتی کەسیی نەبوون، بەڵکو فیکریی بوون و پەیوەست بووە بە فیکرو بیروباوەڕ و رێنمایی و هەڵوێستە سیاسییەکانەوە، هەروەها بە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ میللەت و شێوازی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق، بارزانی سەرۆکی حزبێکی زۆر گرنگ بووە کە بووەتە بنەماو بناغەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردو هیچ رۆژێك بیری لە دەسەڵات نەکردۆتەوە و پیادەشی نەکردووە، تەنانەت وەك سەرۆکی حزبیش ئەم دەسەڵاتەی بەکارنەهێناوە.

کەلتووری مێژوویی ناوچەی بارزان کاریگەریی زۆری هەبووە بۆسەر فیکری بارزانی لە رووی لێبووردەیی و قبووڵکردنی فرەیی ئایینی، کاتێکیش رۆژهەڵاتناسێکی ئەمریکی لە کەنیسەی ئینجلیکانی ویگرام سەردانی ناوچەی بارزانی کرد، پرسیاری لە شێخی موسڵمانانی بارزان کرد، بەڵام قەشەکە وەڵامی دایەوە، ئەگەر مەبەستت شێخ عەبدولسەلامە، ئەوا شێخی ئێمەیە لە ناوچەکە، کولتووری لێبووردەیی ناوچەی بارزان سەرچاوەی یەکەمی فیکرو شۆڕشی بارزانی بووە، چونکە بارزان ناوچەی شۆڕشەکان بووە دژی ئینگلیزو حکومەتە عێراقییە یەك لەدوای یەکەکان، هەروەها لە پەیوەندیی بە حزبی هیواوە، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کتێبەکەیدا «البارزاني والحركة التحررية الكردية» باسی ئەوە دەکات کە پەیوەندیی هەبووە لەگەڵ شێخ سەعید و بزووتنەوەی خۆیبوون گەیشتۆتە ناوچەی بارزان و لە هەولێر و سلێمانی و بەغدا بڵاوبۆتەوە، خۆیبوون بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەریی بووە لە سێ پارچەکانی عوسمانیی لە کوردستان.

## ● شکۆییەکانی فیکری بارزانی

١- لە ١٩-١-١٩٤٨دا کۆنفرانسێك لە شاری باکۆ بەستراو تێیدا کوردی ئێران و عێراق و سووریا ئامادەبوون، بارزانی بۆ یەکەم جار بوو باسی پرسە سیاسی و فیکری و فەلسەفییەکانی کرد، دەقی وتارە بەنرخەکەی لە کتێبەکەی بەڕێز مسعود بارزانی بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا ستراتیژیەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردی خستبووەڕوو، لەو قۆناخەشدا جیاوازیی کردبوو لەنێوان دوژمنان و دۆستانی کورد، بەردی بناخەی ستراتیژیی فیکری بارزانی لە کۆنفرانسی باکۆوە دەستی پێکرد، زۆربەی مێژوونووسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەمە یەکەم جارە بارزانی باس لە بواری فیکری و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بزووتنەوەو ململانێکانی ناوچەکە دەکات، بە رای من ئەمە هەوڵێك بووە بۆ دۆزینەوەی پێگەیەك بۆ کورد لە ناوچەکەدا، چونکە پێشتر کورد هیچ پێگەو رۆڵێکی نەبووە، هەروەها بارزانی هەوڵی دەدا یەکێتیی سۆڤیەتی جاران تێبگەیەنێت کە ئەوکاتە ٢٠

■

**فیکری بارزانی پەیوەستە بە مێژووی کوردەوە، ئەو فیکرە نەتەوەییەی کە بارزانی هەڵیهێنجاوە لە داستانی کاوەی ئاسنگەرەوە دەست پێدەکات و تا ئەمڕۆش بەردەوام بووە، بە واتای ئەوەی کە پرسی نەتەوەیی کورد پەیوەستە بە داستانی کاوە و جەژنی نەورۆز، کە بۆتە ئامرازێکی ورووژاندنی ئەو پرسە**

■

**بارزانی یەکەم سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، رۆژێک لە رۆژان فیکری مارکسی یان لیبراڵی لە رێبازەکەیدا دەرنەخستووە، بەڵکو هەمیشە مۆرکی نەتەوەیی کوردستانی و لێبووردەیی و کرانەوە لە رێبازەکەی رەنگی دەدایەوە، بایەخی زۆری بە کۆمەڵگەی کوردەواری دەدا و هەمیشە لەگەڵیدا دەژیا**

ملیۆن کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن، دەتوانن رۆڵی گرنگ لە ناوچەکەدا ببینن، ئەو کوردانە پەیوەستن بە شۆڕشی جیهانییەوە، ئەم وتارە بووەتە بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفکراوی یەکێتیی سۆڤیەت و قسەو لێکۆڵینەوەی زۆری دەربارەکراوە.

٢- بۆ جاری دووەم کە فیکری بارزانی تێیدا دەرکەوت لە کۆنگرەی کانی سماق بوو لە ١٥-٤-١٩٦٧، وا رێکەوت کە یەکەم سەردانم بێت بۆ لای بارزانی و ناوچە ئازادکراوەکان و ئامادەی کۆنگرەی سیاسی- سەربازیی سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگە بووم کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی و ئیدریس بارزانیی هەمیشە لە یاد ئامادەی بوون.

بارزانی لە کۆنگرەی کانی سماق رووی لە فەرماندەکانی پێشمەرگەو خەباتگێڕانی حزب کردو پێی گوتن: (ئێوە قارەمانانی ئەو گەلەن و خۆتان بە قوربانی دەکەن، هیواخوازم چاوتان لە هەژاران بێت و رەخنەش قبووڵ بکەن، ئەوەی لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەت کاربکات، لەنێوماندا جێی نابێتەوە و کوردایەتیش پێویستی پێی نابێت). بارزانی لەو کۆنگرەیەدا کوردی ناساندو داواکارییەکانیشی روونکردەوە و جەختی لەسەر گرنگیی کاری بەکۆمەڵ کردەوە بە توندیش هێرشی کردە سەر دەوڵەمەندانی کورد کە یارمەتیی گەلەکەیان نادەن، ئەو هەمیشە دەیگوت: من سەرکردە نیم و خزمەتکارێکی گەلەکەی خۆمم، هەروەها دەربارەی واتای پێشکەوتنخوازیی قسەی کرد دوور لە دروشمی بریقەدار و لەم بارەوە ئاماژەی بەوە کرد کە پێشکەوتنخواز ئەو کەسەیە کە ستەم لەگەلەکەی ناکات و دزی لێ ناکات و پارێزگاری لە کەرامەتی دەکات، هەروەها بە توندی رەخنەی لە مەسەلەی حزبایەتیی تەسك گرت و لەم رووەوە گوتی: ( بە درێژایی ژیانم خیانەتم لە کەس نەکردووەو قبووڵیش ناکەم کەس خیانەتم لێ بکات، رێکخستنی ریزەکانمان سەرماندەخات و ئێمەش ململانێی مان یان نەمان دەکەین، پێویستە سووکایەتیی بە شوان و گوندنشین و ئافرەت نەکەین)، هەروەها زیاتر گوتی: (لە ساڵی ١٩٤٥ و لە ساڵی ١٩٤٨ و لە ١٩٦٠ دا گوتوومە و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم کە هیچ کێشەو ناکۆکی لە نێوان گەلی کوردو گەلی عەرەبدا نییە، کوردو عەرەب دۆست و بران، بەڵام ململانێمان لەگەڵ رژێم و حکومەتەکانە و داوادەکەین حکومەتێکی دیموکرات پێکبێت و ئێمەش هێرش بۆ سەر کەس ناکەین و داکۆکی لە خۆمان دەکەین، حزب خۆی لە خۆیدا ئامرازە نەك ئامانج).

**بارزانی سەرۆکی حزبێکی زۆر گرنگ بووە کە بووەتە بنەماو بناغەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردو هیچ رۆژێک بیری لە دەسەڵات نەکردۆتەوە و پیادەشی نەکردووە، تەنانەت وەک سەرۆکی حزبیش ئەم دەسەڵاتەی بەکارنەهێناوە**

بارزانی خاوەن فیکرو بۆچوونێکی دیارو ئاشکرا بوو، شۆڕشی ئەیلوول و ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی بەڵگەی زیندووی ئەم فیکرو بۆچوونەن، بەپێچەوانەی زۆر لە سەرکردەو پێشەواکانی دیکە، لایەنی کردەنی و مەیدانی لای بارزانی لە لایەنی تیۆری زیاتر خۆی دەنوێنێت.

دوای مردنی ستالین و پرۆتستۆکۆدنی لەسەردەمی خرۆچۆفدا، بارزانی بانگهێشتی مۆسکۆ کرا، کە پێشتر لە وڵاتانی قۆقاز بوو، لە مۆسکۆ بارزانی چەندین جار دەچووە قوتابخانەی حزبی، جارێکیان ئامادەی موحازەرەیەکی خالد بەکداش بوو کە بە رەچەڵەك کورد و سکرتێری حزبی شیوعیی سووریا بوو تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد، دوای کۆتایی موحازەرەکە هەردووکیان پێکگەیشتن، بارزانی بە بەکداشی گوت: تۆ لە موحازەرەکەتدا گوتت: من پێش هەموو شتێك شیوعیم دواتر کوردم یان عەرەبم، ئایا ئەمە هەڵە نییە؟ پێموایە تۆ پێش هەموو شتێك کوردی دواتر شیوعیت، مشتومڕ لەنێوانیاندا روویدا، دواتر بارزانی چی دیکە نەچووەوە ئەو قوتابخانە حزبییە.

**بەردی بناخەی ستراتیژیی فیکری بارزانی لە کۆنفرانسی باکۆوە دەستی پێکرد، زۆربەی مێژوونووسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەمە یەکەم جارە بارزانی باس لە بواری فیکری و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بزووتنەوەو ململانێکانی ناوچەکە دەکات**

خرۆچۆف زۆر رێزی بارزانیی دەگرت، زاواکەی ( ئەدجوبی ) سەرنووسەری رۆژنامەی پراڤدا بوو، ئەو باسەی لەوەوە زانی و بۆ بارزانی نارد، من ئەم رووداوەم لە خۆی بیست، پێی گوتبوو کە ناکۆکییەك لە نێوانتانداو لەگەڵ بەکداش روویداوە، دەمانەوێت ئاشتان بکەینەوە، خرۆچۆف دووپاتی کردبۆوە کە بارزانی راست بووە، لەکاتێکدا سۆسلۆڤ مونزیری حزب پشتگیریی لە بەکداش کردووە، ئەمەش بۆ رەچاوکردنی هاوسەنگی و ئەنجامدانی ئاشتبوونەوەکە.

شیوعییەکانی کورد لە سووریا و عێراقدا و حزبی تودە لە ئێران و تورکیا زۆربەیان



**هەموو گەلێک پاڵەوانی خۆیان هەیە لە بواری فیکری، یان تیۆری و لە بواری کاری واقیعی و مەیدانی، پاڵەوانی فیکر هەن، هاوکات پاڵەوانی کردار، بارزانی هەردوو لایەنەکەی لە کەسایەتیی خۆیدا کۆکردبۆوە بۆیە بوو بە کاریزمایەکی کورد**

نەك هەموویان کاتێ دەچنە نێو ئەو حزبانەوە بانگەشەی ناسیۆنالیستی دەکەن بە ڕێگەی کۆسمۆپۆلیتییەوە، تائێستاش ئاسەوارەکانی ئەو کێشە فیکرییە لەنێوان بزووتنەوەی کوردو حزبە شیوعییەکانی ئەو وڵاتانە هەر لەئارادایە، کاتێ بارزانی لە مۆسکۆ بوو، قەدری جانی شاعیری کورد لە کۆنگرەی جیهانی لاوان لە شاندی حزبی شیوعی سووریا ئامادەبوو، بارزانی لە ڕێی نووسەرو ڕۆشنبیری کوردی سۆڤییەت قەناتی کوردۆ داوای لێکرد کە قەدری جان هۆنراوەیەك بخوێنێتەوە، ئەویش خوێندیەوە کە تێیدا گوتبووی (کەعبەمان مۆسکۆیە)، بارزانی بێزار بوو و پێی گوت: بۆچی دیاربەکر، یان مەهاباد، یان سلێمانی، یان قامشلی کەعبەی تۆ نەبێت؟ ناکۆکی کەوتە نێوانیان، دواتر کە من لە سووریا بووم، چاوم بە قەدری جان کەوت، دوای ساڵی ١٩٥٨ پێی گوتم کە دەیەوێت ویژدانی ئاسوودە بکات و پۆزش بۆ بارزانیی نەمر بێنێتەوە، بۆیە هۆنراوە شاکارەکەی نووسی بە ناوی (بارزانی هات شێری وڵات بارزانی) و هاتە بەغدا و وەك دیاری پێشکەشی کرد.

هەروەکو پێشتر گوتم، ناکۆکییەکانی بارزانی لەگەڵ کەسانی دیکە فیکری بووە نەك شەخسی، کاتێ عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری شۆڕشی کوردی بوو لە ئەورووپا، بارزانی لە نوێنەرایەتی دووری خستەوە بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەندێ ناوەند کە دۆستی کورد نەبوون، ئەمەش کێشەیەکی سیاسییە پەیوەستە بە پەیڕەوو پلانەوە، هەموو گەلێك پاڵەوانی خۆیان هەیە لە بواری فیکری، یان تیۆری و لە بواری کاری واقیعی و مەیدانی،



پاڵەوانی فیکر هەن، هاوکات پاڵەوانی کردار، بارزانی هەردوو لایەنەکەی لە کەسایەتیی خۆیدا کۆکردبۆوە بۆیە بوو بە کاریزمایەکی کورد. بەڵێ بەم دیدگایە ڕێبازی بارزانیمان ناسی و لەبەر ڕۆشنایی ئەویشدا مامەڵەمان لەگەڵ حزبەکەی و هەڵگرانی پەیامی نەتەوەیی و دیموکراسی نەوەکانی کرد.

مایەی شانازییە کە من لەوانە بووم کە زوو ڕێبازی بارزانیم ناسی لە رووی تیۆرییەوە، لەو کاتەوەی کە بە دیداری شادبووم ئەم کارەم ئەنجامدا، ئەویش بە دوو قۆناخ لە میانی شۆڕشی ئەیلوولدا لە ١٩٦٧ و دوای ئاشتی لە ١٩٧٠، هەروها زانیاری و بەڵگەنامەم کۆکردنەوەو لە ڕێی ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون بە ڕووداوەکان ئاشنابووم. بەتایبەتیش دیدارەکانم لەگەڵ کاك ئیدریسی هەمیشە لەیادو ئەو کتێبانەی کاك مسعود و دیدارەکانم، ئەو سامانە لە بن نەهاتووەی تژییە لە زانیاری، هەروەها لە سەرچاوەو کتێبی مێژوونووس و گەریدەکانی کوردو عەرەب و بیانی و ئێرانی، چەندین دەیەیە کە من بەدواداچوون بۆ هەموو پەرەسەندنەکان دەکەم، تا توانیم بگەمە دارِشتنی ئەو ڕێبازە و دیاریکردنی بنەما تیۆرییەکان و سەرچاوەو گۆڕانکاری و بنەما مێژووییەکان، هاوکات شکۆمەندییە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەنجامە مەیدانییەکان، بێگومان من ئەمە بە بەشێکی گرنگی گەنجینەی فیکری و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و نیشتمانی دادەنێم. با بەیەکەوە ئەو دێرِە هۆنراوەی شاعیری کوردی سووریا قەدری جان بڵێینەوە:

**شێر هات وەلات شێر هات وەلات**
**مزگین مزگین ل وە بارزانی هات**

**بارزانی لە کۆنگرەی کانی سماق رووی لە فەرماندەکانی پێشمەرگەو خەباتگێڕانی حزب کردو پێی گوتن: ئێوە قارەمانانی ئەو گەلەن و خۆتان بە قوربانی دەکەن، هیواخوازم چاوتان لە هەژاران بێت و رەخنەش قبووڵ بکەن، ئەوەی لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەت کاربکات، لەنێوماندا جێی نابێتەوە و کوردایەتیش پێویستی پێی نابێت**

## دکتۆر بەشیر حەداد

جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# هیوادارم ئەو دیوارە ئەستوورەی لەنێوان هەرێم و بەغدا دروست بووە لەم خولەی پەرلەماندا نەمێنێت

**هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەم دواییەی عێراق گۆڕانکاری لە پەیوەندی و هاوسەنگییەکاندا دروستکرد، دوای کۆتاییهاتنی ئەو هەڵبژاردنەو پەسەندکردنی ئەنجامەکانی، هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق چڕترکراونەتەوە، ئەمانە و پرسی رۆڵی کورد لە بەغدا و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری گفتوگۆی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ دکتۆر بەشیر حەداد جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە.**

*** لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان و هەردوو جێگرەکەی، ئەمجارە لە کاندیدێك زیاتر بوونی هەبوو، هەروەها بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری دووەمیشی کە بەڕێزتانن، لە خولی یەکەم یەکلایی نەبووەوە، ئایا ئەمە بە جۆرێك لە گۆڕانکاری لە قەڵەم دەدرێت، یان نیشانەی پەرتەوازەیی سیاسییە لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا؟**

- هەڵبژاردنی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق شتێکی ئاساییە کە زۆرجار لە گەڕی یەکەم هەڵبژاردنی یەکلایی نابێتەوە، هەر بۆیە گەڕی دووەمیش لە یاساکە دانراوە، هۆکاری سەرەکیی یەکلا نەکردنەوەی لە گەڕی یەکەم تا رادەیەکی زۆر بە هۆی پەرتەوازەیی نێوان فراکسیۆنە کوردییەکان بووە، چونکە فراکسیۆنە کوردییەکان لەم مەسەلەیەدا یەکدەنگ نەبوون و هەندێ لە ئەندام پەرلەمانە کوردییەکان هەر بەئاشکرا دژایەتییان دەکردین و دەیانگوت ئێمە دەنگ نادەین و هەندێکیشیان شتی خراپتریشیان کردووە، لەوانە پڕوپاگەندەیان بڵاودەکردەوە لە دژمان دەیانگوت دەنگ بە کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان مەدەن، چونکە ئەو کەسەی بۆ ئەو پۆستە کاندید کراوە، کەسێکی توندڕەوەو و دژی ئەهلی بەیتە و چەندین پڕوپاگەندەی نارەوای دیکەیان کردووە، خاڵێکی تریش کە بووە هۆکاری ئەوەی لەم رۆژە نەتوانرێت ئەم پۆستە یەکلا بکرێتەوە، ئەویش ئەوە بوو کە دانیشتنی ئەو رۆژە ماوەیەکی زۆری خایاند کە لە١١ی بەیانی دەستی پێکرد بۆ کاتژمێر ٧ی ئێوارە و ئەندام پەرلەمانەکان نانی نیوەڕۆ و ئێوارەیان نەخوارد و زۆر ماندووبوون و پرۆسەی هەڵبژاردنەکەش بۆ پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کەوتە کاتژمێر (٦،٣٠ بۆ ٧) ئێوارە بۆیە هەندێك لەو ئەندام پەرلەمانانەی کە رێککەوتنیان لەگەڵ کرابوو کە دەنگ بە ئێمە بدەن، لەهۆڵی پەرلەمان چوونە دەرەوە و گوتیان تۆ دەنگی خۆت مسۆگەرە، پێویست ناکات ئێمە زیاتر لێرە بمێنینەوە، سەرەڕای ئەمەش دوو رکابەری تریش لەبەرامبەر من هەبوون، کە یەکێکیان دکتۆر موسەنا بوو لە یەکگرتووی ئیسلامی و دووەمیان ئەحمەد حاجی رەشید بوو لە کۆمەڵی ئیسلامی و بوونی ئەم دوو رکابەرەش ژمارەیەك



دەنگیان برد، هاوکات هەندێ لەو کاغەزانەی کە دەنگیان لەسەر درابوو بە بەتاڵی خرابوونە سندوقی دەنگدانەکە، ئەمانەش پووچەڵ کرانەوە، هەموو ئەو هۆکارانە وایکرد دەنگی پێویست کە بۆ پۆستی جێگری دووەمی سەرۆك پەرلەمان پێویست بوو کە ١٦٦دەنگ نەبوو، منیش ١٥٢دەنگم هەبوو، ئەم ژمارەش نابێت، چونکە بەپێی دەستوور و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت جێگری سەرۆکی پەرلەمان ١٦٦ دەنگ بێنێت، بۆیە بۆ گەڕی دووەم مایەوە کە گەڕی دووەمیش کەوتە دانیشتنی پەرلەمان بۆ رۆژی دواتر لە رۆژی دووەمدا بەو ئەندام پەرلەمانانەی کە رێککەوتنمان لەگەڵیان کردبوو کە دەنگ بە ئێمە بدەن و قسەمان لەگەڵیان کرد کە لە هۆڵی پەرلەمان نەچنە دەرەوە و دەنگ بدەن و دکتۆر موسەناش وەك رکابەر کشایەوە، بەمەش کێشەکە تەواو بوو و دەنگی تەواوم هێنا، بەڵکو ژمارەی دەنگەکانم زیاتر بوو لەو ژمارەش کە سەرۆکی ئەنجومەن پێی هەڵبژێردرا.

*** لە پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، بەشێك لە پەرلەمانتارەکانی یەکێتی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان نووسیبوویان ئێمە دەنگمان بە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان نەداوە کە پشکی کوردە، ئایا تۆش لەو بڕوایەدای کە ئەوان دەنگیان بە تۆ نەداوە؟**

- بێگومان هەندێك لە ئەندام پەرلەمانە کوردییەکان بە شانازییەوە دەیانگوت دەنگمان بە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان نەداوە، ئەگەرچی بەهەر حاڵ حەزمان دەکرد ئێمە وەکو فراکسیۆنە کوردییەکان یەك هەڵوێست بووینایە و رێککەوتنمان لەسەر دیاریکردنی یەك کاندید بۆ ئەو پۆستە بکردبایە، چونکە دیتمان ئەندام پەرلەمانی غەیرە کورد پشتگیری ئێمەیان کردو دەنگیان پێدایین، بەڵام هەندێك ئەندام پەرلەمانە کوردیەکان دەنگیان پێنەدایین. واتە سەرەڕای ئەوەی هەندێ پەرلەمانتاری کوردیش دەنگیان پێنەدایین، ئێمە دەرچووین.

*** سەرۆکایەتیی پەرلەمانی عێراق (سەرۆکی پەرلەمان و هەردوو جێگرەکەی) یەکەم سەردانتان بۆ بەسرە بوو، دیارە ئەوە چەند مانگێکە لە بەسرە خۆپیشاندان هەیە و خەڵك نارەزایی**

**هەندێ لە ئەندام پەرلەمانە کوردییەکان هەر بەئاشکرا دژایەتییان دەکردین و دەیانگوت ئێمە دەنگ نادەین و هەندێکیشیان شتی خراپتریشیان کردووە، لەوانە پڕوپاگەندەیان بڵاودەکردەوە لە دژمان دەیانگوت دەنگ بە کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان مەدەن، چونکە ئەو کەسەی بۆ ئەو پۆستە کاندید کراوە، کەسێکی توندڕەوەو و دژی ئەهلی بەیتە و چەندین پڕوپاگەندەی نارەوای دیکەیان کردووە**

**زۆری هەیە، ئایا پێتوایە ئەم خولەی پەرلەمان دەتوانێت رۆڵی خۆی بەو ئاستە وەك چاودێر بەسەر حکومەتەوە بگێڕێت کە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ عێراق دابین بکات؟ مەبەستمان ئەوەیە ئایا خولی ئەم جارەی پەرلەمان لە خولەکانی پێشوو بە هێزتر دەبێت؟**

- نەك تەنیا خەڵکی شاری بەسرە، بەڵکو هەموو شارەکانی عێراق لە پشتگوێخستنی داواکارییەکانیان و لە نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزاریی ژیان وەکو ئاو و کارەبا و...تاد ناڕازین، شاری بەسرە کە سەردانمان کرد، ئەو شارەیە کە بە داهات و بەروبوومەکانی عێراق بەخێو دەکات، هەر وەکو خەزێنەی عێراقە و زیاتر لە ٨٥٪ی بودجەی عێراق لەسەر داهاتی شاری بەسرەیە و لەسەر دەریایە. کەچی ئەوە حاڵی خەڵکەکەیەتی کە لە تینوویان خەریکە دەخنکێن، هاوکات گەنجەکانیان رێژەیەکی زۆریان بێکارن و لەسەردانەکەماندا لە بارودۆخی خەڵکەکەمان پرسی، ئەوان داواکارییان زۆر بوو، راپۆرتێکمان لەسەر خراپیی بارودۆخی خزمەتگوزاری و داواکارییەکانیان ئامادەکردووە. هەروەها چەند رۆژێك پێش ئێستا سەردانی شاری نەجەفمان کرد هەر بۆ بەدواداچوون لەسەر کەمی و کێشە خزمەتگوزارییەکان و گوێگرتن لە نزیکەوە لە داواکاری خەڵکی شارەکە کە ئەوانیش کۆمەڵێك داواکارییان هەبوو و گلەیی زۆریان لەحکومەت و کاربەدەستانی حکومەتی عێراق هەبوو. هەروەها بەرنامەمان بەردەوامە بۆ سەردانی شارەکانی تریش، بۆی هەیە ئەمجارە بۆ شاری موسڵ بێت و جارێکی دی بۆ شاری هەڵەبجە بێت، لە پاشان داواکاری و کەموکوڕیی خزمەتگوزاری و نەبوونی پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوە و...تاد هەر هەمووی دەکەینە بەرنامەی کاری خۆمان، هەر بۆیەش وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیارمان داوە ئەم خولی چوارەمی پەرلەمانە بکەینە خولی خزمەتگوزاری و چاکسازی و کارکردن بۆ خزمەتکردنی خەڵك و تەنیا خۆمان نەهێڵینەوە لەهۆڵی پەرلەمان، بەڵکو دەربچین بۆ ناو خەڵك و لە نزیکەوە داواکاری و سەرنجەکانیان وەربگرین و کەموکوڕییەکان بەچاوی خۆمان ببینین و بەدواداچوون بۆ ئاستی ژیانی خەڵك و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بکەین. چونکە ئێمە دەمانەوێت ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق ببێتە خولێکی جیاواز و دیار لەچاو خولەکانی دیکە تاوەکو خزمەت بە خەڵك و وڵاتەکە بکەین.

*** لەم ماوەیە حەلبوسی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی کۆبووەوە، ئەوەندەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو سەردانەیت، ئایا ئەم سەردانەی سەرۆکی پەرلەمان ئامانجی سەرەکی چی بوو؟ ئایا سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئامانجیەتی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکات؟ ئایا بەرای نەخشەڕێگای بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر چۆنە؟**

- وەکو بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە کە نەخشەی سیاسیی ئێستای عێراق و هاوسەنگییەکانیش گۆڕاوە، لەبەر ئەوەی ئەو کوتلەی لە خولەکانی رابردوو گەورە بوو، ئەوە ئێستا کوتلەی گەورە نەماوە، هەر بۆیە هەموو کوتلەکان پێویستیان بە یەکتر هەیە و هیچ کوتلەیەك بەتەنیا ناتوانێت هیچ بکات و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، مەبەستیەتی بەجددی کار بکات و دوو جێگرەکەشی هاوڕان لەگەڵی کە ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق خولی چاکسازی و چاککردن و خزمەتگوزاری بێت، هاوکات ئومێد دەکەین کە حکومەتی داهاتووش کە دادەمەزرێت حکومەتێکی بەهێز بێت و بتوانێت گۆڕانکاری بکات و ئومێدم زۆرە لەم چوار ساڵەی داهاتوو گۆڕانکاریی باش لە خزمەتگوزارییەکان و لە دروستکردنی پەیوەندییەکی ئەرێنی و پتەو لەنێوان لایەنە سیاسییەکان دروست بکرێت، بەتایبەتی لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا. بێگومان لە دوای دەستبەکاربوونی سەرۆکی پەرلەمان راستەوخۆ دەستیکرد بە ژمارەیەك سەردان بۆ لای لایەنە سیاسی و کەسایەتییە سیاسییەکانی عێراق یەکێك لەسەردانەکانمان بۆ لای موقتەدا سەدر بوو لە شاری نەجەف کە لەگەڵ موقتەدا سەدر ئاڵوگۆڕی بیروڕا کراو موقتەدا سەدر پشتگیری خۆی بۆ پەرلەمان دەربڕی و باس لەوەشکرا کە پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق پێویستە ئەرێنی بێت هاوکات سەبارەت بە سەردانەکەی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ کوردستان لەمیانەی ئەو سەردانانەی بوو بۆ

**ئەندام پەرلەمانی غەیرە کورد پشتگیری ئێمەیان کردو دەنگیان پێداین، بەڵام هەندێک ئەندام پەرلەمانە کوردیەکان دەنگیان پێنەداین. واتە سەرەڕای ئەوەی هەندێ پەرلەمانتاری کوردیش دەنگیان پێنەداین، ئێمە دەرچووین**

**بەسرە ئەو شارەیە کە بە داهات و بەروبوومەکانی عێراق بەخێو دەکات، هەر وەکو خەزێنەی عێراقە و زیاتر لە ٨٥٪ی بودجەی عێراق لەسەر داهاتی شاری بەسرەیە و لەسەر دەریایە. کەچی ئەوە حاڵی خەڵکەکەیەتی کە لە تینوویان خەریکە دەخنکێن**

لای سەرکردە سیاسییەکانی عێراق کە سەردانی کوردستانیشی کرد کە سەرکردە سیاسییەکانی کوردستانی بینی کە تێیدا باس و گفتوگۆ لەپێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق و دانانی کاندید بۆ سەرۆك کۆماری عێراق کرا و زیاتر ئەوان سەرۆکی ئەنجومەنی عێراق وەکو لایەن و کوتلەی خۆی کە کوتلەی هاوپەیمانی نیشتمانییە بۆ کوردستان هاتبوونە لای جەنابی مسعود بارزانی بۆ گفتوگۆ و پتەوکردنی پەیوەندیی سیاسیی نێوانیان.

*** پێتوایە کورد لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراقدا چ رۆڵ و پێگەیەکی باشی دەبێت؟**

- بە تەئکید کورد لەحکومەتی داهاتووی عێراقدا رۆڵ و پێگەی باشی دەبێت، چونکە وەکو لە سەرەتاوەش ئاماژەم پێدا کە ئێستا کوتلەی گەورە لە عێراق نەماوە و هەموو کوتلەکان پێویستیان بەیەکترە و هەر هەمووشیان پێویستیان بەکورد هەیە، بۆیە من وای دەبینم کە کورد رۆڵێکی بەرچاو و باشی لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا هەبێت، بەتایبەتی لە بارودۆخی ئێستاکەدا لایەنە سوننە و شیعەکان تێگەیشتنیان فراوانتر بووە و بۆ ئەوەی لاپەڕەیەکی نوێ بکرێتەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق و کێشەکانی رابردوو بخرێنە سەر مێزی گفتوگۆ و چارەسەر بکرێت، پێویستە دەستوور وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت وەکو یەك پاکێج، نەك بە شێوەیەکی هەڵبژاردنی ئینتیقائی و ئەو کاتە بێگومان هەموو کێشەکانیش بە دەستوور چارەسەر دەکرێت و خاڵێکی هاوبەش لەلایەن کوردو لایەنەکانی تری عێراق هەیە کە هەر هەموویان دەڵێن بەپێی دەستوور کار بکرێت و لێرەدا دەڵێن ئەدی بۆچی ئەو دەستوورە جێبەجێ ناکرێت، کە لە کاتێکدا ئەو یاساو ماددەو بابەتانەی لە دەستووردا هەیە بۆ کورد جێبەجێ بکرێت، ئەوە هیچ کێشەیەك نامێنێت و لەو کاتەدا پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و بەغداش باش دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی خۆی.

*** لە کۆبوونەوەی هەفتەی داهاتووی پەرلەمانی عێراق دەنگ لەسەر کاندیدەکانی سەرۆك کۆماری عێراق دەدرێت، دیارە تا ئێستا ٧ کەس خۆی بۆ ئەو پۆستە ناوی خۆیان تۆمار کردووە، بەتایبەتیش کە پارتی هاوشانی یەکێتی کاندیدی خۆی تۆمار کردووە، ئایا وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، چۆن ئەم سیناریۆیە دەخوێنێتەوە، بۆچی ئەم فرە کاندیدییە هەیە؟ ئایا چانسی کام کاندید لە هەموویان بەهێزترە؟**

- ئەمجارە دیارە پرۆسەی دیموکراسی لەعێراقدا دەیەوێت هەندێ لە شێوازەکانی خۆی بگۆڕێت و مومارەسەی دیموکراتی بەرفراوان و زیاتر بکرێت بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، چونکە تا ٢٠١٨/٩/٢٥ ئەوەی من زانیومە کە زیاتر لە ٣٠ کەس بۆ سەرۆك کۆمار لەکوردو غەیرە کورد خۆی کاندید کردبوو، ئەمەش وەکو مومارەسەکردنی دیموکراتی هەموو تاکێکی عێراق کە مەرجە یاساییەکانی پێویست بەم پۆستەی هەبێت، ئەوە مافی خۆیەتی خۆی کاندید بکات. لە دانیشتنی ٢٠١٨/٩/٢٥ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ باسکردن لە پۆستی سەرۆك کۆمار تەرخان نەکرا و رۆژی ٢٠١٨/٩/٢٤ دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ کاندیدی سەرۆك کۆمار داخرا، ئینجا تاوەکو سێ رۆژ بەپێی دەستوور ئەو داواکارییانەی کە بۆ سەرۆك کۆمار پێشکەش کراوە، دراسە دەکرێن و سەیری مەرجەکان دەکرێت، لەپاشان ناوەکان وەکو کاندید رادەگەیەندرێن، لە پاشان ئەو کەسەی ناوی لەناو کاندیدەکان نەبێت، بۆی هەیە تانە لێبدات و بۆ تانەلێدانەکەش سێ رۆژ دانراوە، لەم ماوەیەشدا دووبارە ئەو ناوانەی تانەیان لێداوە، دراسە دەکرێنەوە، ئەم کارەش سێ رۆژی تری دەوێت بۆ وەڵامدانەوەی تانەکان واتە لەدوای ٢٠١٨/٩/٤ کە دەرگا بۆ خۆپالاوتنی سەرۆك کۆمار داخرا، تاوەکو پرۆسەی دراسەو سەیرکردنی مەرجەکان و تانەلێدان و وەڵامدانەوەی تانەکان ٩ رۆژ دەخایەنیت، ئینجا سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێت ئەمە بەپێی رێکارە دەستوورییەکانە و ئەم رۆژانەش تەوقیتاتی دەستوورییە و بەهیچ شێوەو حاڵەتێکیش هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار ناکەوێتە دوای ٢٠١٨/١٠/٢، چونکە ئەمەش دووبارە کاتێکی دەستوورییە بۆیە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار نابێت بکەوێتە رۆژی ٢٠١٨/١٠/٣.

*** بەڵام بەپێی عورفێکی سیاسی پۆستی سەرۆك کۆمار بۆ کوردە، ئیتر بۆچی لە نەتەوەو پێکهاتەکانی تریش خۆیان پاڵاوتووە؟**

**ئێستا کوتلەی گەورە لە عێراق نەماوە و هەموو کوتلەکان پێویستیان بەیەکترە و هەر هەمووشیان پێویستیان بەکورد هەیە، بۆیە من وای دەبینم کە کورد رۆڵێکی بەرچاو و باشی لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا هەبێت**

**بۆ ئەوەی لاپەڕەیەکی نوێ بکرێتەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق و کێشەکانی رابردوو بخرێنە سەر مێزی گفتوگۆ و چارەسەر بکرێت، پێویستە دەستوور وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت**

**سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆمار لەعێراقدا سێ گرێکوێرەن و هەر گرێکوێرەیەک بکرێتەوە ئەوەی دوای خۆی ئاسانتر دەکات**

**کەسایەتی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کورد لەبەغدا زۆر گرنە تاوەکو بتوانن پەیوەندی باش و دروست لەگەڵ لایەنی بەرامبەر دروست بکەن، بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی جوان بۆ مەسەلەی داوا ڕەواکانێ گەلی کوردستان لەلایەن خەڵکی شیعە و سوننە دروست بکەن**

- ئەمە عورفێکی دەستووری نییە، بەڵکو عورفێکی سیاسییەو پەیڕەوکراوە، چونکە لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکاندا ڕێککەوتن کراوە کە سەرۆکی پەرلەمان بۆ سوننە و سەرۆك وەزیران بۆ شیعە و سەرۆك کۆمار بۆ کورد بێت، بەڵام بەپێی دەستوور هەموو تاکێکی عێراق بەپێی مەرجە یاساییی و پێویستەکان دەتوانێت خۆی کاندید بکات، بەڵام لەکۆتاییدا کێ سەردەکەوێت ئەو کەسەی کە کارو تەوافوقاتی بۆ خۆی دەکات و ئەو دەنگە دەهێنێت کە پێویستە، بەڵام بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان پێکهاتەکان کراوە، تەنیا دەنگ بە کورد دەدرێت و کەس دەنگ بە غەیرە کورد نادات، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتن و تەوافوقاتیان نییە ئەو غەیرە کوردانە تەنیا چەند دەنگێك دەهێنن، بەڵام دەنگی زۆر بۆ ئەو لایەن و کاندیدەیە کە هەموو لایەنەکان تەوافوقیان لەگەڵی هەیە و ئەم کەسەش هەڵدەبژێردرێت بە سەرۆك کۆمار.

*** ئەی پرسی دەستنیشانکردنی پاڵێوراوی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق بە کوێ گەیشتووە؟**

- ئەم سێ سەرۆکایەتییە، سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆمار لەعێراقدا سێ گرێکوێرەن و هەر گرێکوێرەیەك بکرێتەوە ئەوەی دوای خۆی ئاسانتر دەکات کە تەماشا دەکەین کە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەنجامدرا، ئەوە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار ئاسانتر کردووە و چەند هەنگاوێك چووەتەپێش و دڵنیام کە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا، ئەوە هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیران و پێکهێنانی حکومەت ئاسانتر دەبێت، لەبەر ئەوەی باسی هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیران و پێکهینانی حکومەت ناکرێت، تاوەکو سەرۆك کۆمار هەڵنەبژێردرێت، چونکە سەرۆك کۆمار داوا لە کوتلەی گەورە دەکات کاندیدی خۆی پێشکەش بکات، لەو کاتەدا کاندیدی خۆی بۆ سەرۆك وەزیران پێشکەش کرد و متمانەی بەدەست هێنا، ئینجا تەکلیف دەکرێت حکومەتی خۆی پێشکەش بکات.

*** سەبارەت بە لایەنە شیعەکان تا ئێستا خۆیان یەکلایی نەکردۆتەوە کە کاندیدیان بۆ سەرۆك وەزیران کێیە، ئایا دوای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، ئەم پرۆسەیە چۆن بەڕێوە دەچێت بۆ تەکلیفکردنی کەسێك بۆ پێکهێنانی حکومەت؟ زۆر باس لە د. عادل عەبدولمەهدی دەکرێت، ئایا پێتوایە چانسی بەهێزە، یان دوای کۆبوونەوەکەی حزبی دەعوا باردۆخەکە گۆرانکاری بەسەردا دێت؟**

- لە ئێستادا کەسایەتی عادل عەبدولمەهدی لە ڕاگەیاندنەکانەوە باس دەکرێت کە کەسێکی مامناوەند و ڕۆشنبیرو سیاسییە و لەلایان زۆربەی لایەنەکان پەسندکراوە، بەتایبەتی لەلایەنی کوردی، چونکە کەسێکە دۆستی کوردە و تێگەیشتنێکی باشی بۆ داواکانی کورد هەیە، هەرچەندە مەرج نییە ئەو کەسەش بۆ سەرۆك وەزیران دابنرێت، لەبەر ئەوەی دانانی ئەو پۆستانە بە ڕێککەوتنی پێکهاتەکان و تەوافوقاتە و ڕێککەوتنی سیاسییە.

*** پێتوایە لەم خولەی پەرلەماندا بتوانرێت هەموو ئەو کێشەو گرفتانە چارەسەر بکرێت کە لەنێوان هەرێم و بەغدا هەیە؟**

- من وای بۆدەچم و ئومێد دەکەم ئەو تەشەنوجات و قەیرانانەی کە لەخولی ڕابردوو دروستبوو و ئەو دیوارە ئەستوورەی لەنێوان هەرێم و بەغدا دروستبووە، ئەوە لەم خولەی پەرلەماندا وردە وردە کەم دەبێتەوە و ئەو دیوارە بەفرینەش کە دروستبووە دەتوێتەوە، ئەگەر ئێمە وەکو ئەندام پەرلەمانە کوردەکان بتوانین هەڵسوکەوت و پەیوەندیی باش و جوان لەگەڵ بەرامبەری خۆمان دروست بکەین، هەروەها چەندین کێشەو قەیران هەیە کەم دەبێتەوە و چارەسەر دەبێت، لەلایەکی دیکەوە کەسایەتی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کورد لەبەغدا زۆر گرنە تاوەکو بتوانن پەیوەندی باش و دروست لەگەڵ لایەنی بەرامبەر دروست بکەن، بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی جوان بۆ مەسەلەی داوا ڕەواکانێ گەلی کوردستان لەلایەن خەڵکی شیعە و سوننە دروست بکەن، چونکە زۆربەی خەڵکی شیعەو سوننە لەبەر نەبوونی زانیاریی تەواو و واقیعی لەسەر کوردو داوا ڕەواکانمان دژایەتی کورد و دوژمنایەتی داواکانمان دەکەن، بۆیە پێویستە ئێمە بتوانین داواکانمان بە شێوەیەکی جوان و ڕێکوپێك پیشانیان بدەین، تاوەکو قەناعەتیان پێ بێنین و نابێت ئێمە هەر لەبازنەی خۆمان بخولێینەوە، بەڵکو پێویستە لەبازنەی خۆمان دەربچین و سەردان و پەیوەندیی باش لەگەڵ لایەنەکانی بەرامبەر لە عێراقدا دروست بکەین.



## ماجید شنگالی

ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی بۆ گوڵان:

# بە بێ پارتی و بارزانی گەڕاندنەوەی شنگال بۆ سەر هەرێمی کوردستان مومکین نییە

**کوردانی ئێزیدی وەکو سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان چاوەڕوانن لەم خولەی نوێی پەرلەمانی عێراقدا کۆتایی بە دۆخی عەسکەرتاریەت و داگیرکراوی ناوچەکانیان بهێنرێت و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و دواگۆڕانکارییەکان لە هاوکێشەی عێراقدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ماجید شنگالی ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی کرد. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی سیاسیی عێراق دەبێت؟ ئایا هاوکێشەکان هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا دێت؟**

- لە ٢٠١٨/٥/١٢ پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کرد، کاتێك لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا توانی ٢٥ کورسی بەدەست بهێنێت و دوو کورسیی کۆتاش بەدەست هات، کە ئەمە دەکاتە ٢٧ کورسی، کە دەبێت لەبەرامبەر ئەمەدا پارتی پۆست بەدەست بهێنێت. کەواتە وەك ئاماژەم پێ دا، مادام پارتی دیموکراتی کوردستان لەچاو حزبە کوردستانییەکانی دیکە و تەنانەت حزبە عێراقییەکان زۆرترین دەنگەکانی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق بەدەست هێناوە، وەکو ئیستحقاقی بەدەستهێنانی زۆرترین کورسیی هەڵبژاردن دەتوانێت زۆرترین پۆست بەدەست بهێنێت، ئەمەش مافێکی ئاسایی و سرووشتییە بەتایبەتی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەیتوانیوە لە سێ خولی رابردوودا لە پۆستس سەرۆك کۆماری رۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێم. لەگەڵ ئەوەشدا هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کە دەستنیشانکردنی یەك کەسایەتی لەلایەن کوردەوە بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ ئەوەی کار بکات بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد. بەتایبەتی داخوازی خەڵکی ئەو ناوچانەی لە کوردستان دابڕێنراون، چونکە خەڵکی ئەو ناوچانە ئیدی لە خانەقین بێت، یان دووزخورماتوو یا کەرکووك و شنگال و دەشتی موسڵ، لە دۆخێکی زۆر خراپدان و تەنانەت زۆرێکیان لە نێو کامپەکان و بگرە تەنانەت لە نێو خێوەتدان.

*** باسی ناوچە داگیرکراوە کوردستانییەکانت کرد، ئایا تاکەی کەرکووك و تەواوی ئەو ناوچانەی کە لەدوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە داگیرکراون، هەر وا بەداگیرکراوی دەمێننەوە؟**

- لە راستیدا هەموو ئەو ناوچانە بوونەتە ناوچەی سەربازی، کە ئێمەش دەزانین هەر ناوچەیەك لەژێر دەسەڵاتی عەسکەرتاریەتدا بوو، ئەوا ژیانی مەدەنی تێدا نامێنێت و بگرە کەڵکی ژیانیشی نامێنێت. لەم روانگەیەوە پارتی بە هیچ شێوەك قبووڵی ناکات ئەو ناوچە دابڕێنراوانە بۆ هەمیشە لەژێر دەسەڵاتی سەربازیدا بمێننەوە.

*** دەوترێت هەموو ئەمانە کاردانەوە بوو لە بەرامبەر ئەنجامدانی ریفراندۆمدا، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- ریفراندۆم پرۆسەیەکی سەرکەوتوو بوو بۆ کورد، کە ئەم پەیامەی بە عێراق و هەموو جیهان گەیاند، هەروەها سەرکەوتن بوو بۆ پارتی، لەبەر ئەوەی رابەرایەتیی ئەم پرۆسەیەی کرد. راستە حکومەتی عێراق و دەوڵەتە ئیقلیمییەکان دژی وەستانەوە و راستە ئەو وڵاتانەی ئومێدی ئەوەمان لێدەکردن، پشتیوانمان بن، پاڵپشتییان لێ نەکردین، بەڵام کاتێك ئەو وڵاتانە باس لەوە دەکەن کە باشترە کورد لەگەڵ عێراقدا کار بکات، ئەوا پێویستە ئەوەشیان لەبەرچاو بێت کە دەبێت کێشە دەستوورییەکانی نێوان کوردستان و عێراق بێنەچارەسەکردن، وەك جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە و تێپەڕاندنی یاسای نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی خەڵکی عێراق سوود لە داهاتەکەی وەربگرن، بەتایبەتی خەڵکی کوردستان.

*** ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە، ئەوا ئێستا ئەو هەڵبژاردنانە کۆتاییان هاتووە و هەنگاوی داهاتوو پێکهێنانی حکومەتە، ئایا ئێوە وەکو کوردانی ئێزیدی داواکاریتان لەحکومەتی داهاتووی کوردستان چییە؟**

- خەڵکانی کوردی ئێزیدی چاوەڕوانن حکومەتی داهاتووی کوردستان دابمەزرێت و ئاوڕێکی جددییان لێبدرێتەوەو دەڤەرەکەیان کە لێیان دابڕێنراوە، بۆیان بگەڕێنێتەوە و ئەو خوشکانەی ئێمە کە رفێندراون بیانگەڕێننەوە و هاوکاری خەڵکە زیانمەندەکە بکرێت.

*** بەڵام هەموو ئەو داواکاری و داخوازییانەی کوردانی ئێزیدی لە شنگال و دەشتی نەینەوا ناتوانرێت لە رووی کردارەوە جێبەجێ بکرێت، تاوەکو چەکدارانی پەکەکە و حەشدی شەعبی لەو ناوچانەدا بن و تاوان ئەنجام بدەن، ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

- بەڵێ، لای هەمووان ئاشکرایە شنگال لەدۆخێکی زۆر زەحمەت و ئاڵۆزدایە و بگرە ململانێی نێودەوڵەتیشی لەسەرە، ئێستاش پەکەکە و حەشدی شەعبی لەو دەڤەرە بوونیان هەیە. کە من پێموایە تا ئەم هێزانە نەکشێنەوە و تاوەکو سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە نەگەڕێنەوە بۆ ئەو دەڤەرە و تاوەکو زەمینە خۆش نەکرێت بۆ

**پارتی لەچاو حزبە کوردستانییەکانی دیکە و تەنانەت حزبە عێراقییەکان زۆرترین دەنگەکانی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق بەدەست هێناوە، وەکو ئیستحقاقی بەدەستهێنانی زۆرترین کورسیی هەڵبژاردن دەتوانێت زۆرترین پۆست بەدەست بهێنێت**

**یەکێتی نەیتوانیوە لە سێ خولی رابردوودا لە پۆستس سەرۆك کۆماری رۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێم**

**ریفراندۆم پرۆسەیەکی سەرکەوتوو بوو بۆ کورد، کە ئەم پەیامەی بە عێراق و هەموو جیهان گەیاند، هەروەها سەرکەوتن بوو بۆ پارتی، لەبەر ئەوەی رابەرایەتی ئەم پرۆسەیەی کرد**



گەڕاندنەوەی خەڵك و ئارامی دابین نەکرێت، ئەوا دۆخی شنگال وەك خۆی لێ نایەتەوە و ئاسایی نابێتەوە. کەواتە داخوازیی خەڵکی شنگال ئەوەیە کە پەکەکە و حەشدی شەعبی ئەو دەڤەرە جێبهێڵن و دەست بکرێتەوە بە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچەیە بۆ ئەوەی هەلومەرجی ئەوە دروست بێت کە خەڵکی بتوانن بگەڕێنەوە سەر شوێن و ماڵ و حاڵی خۆیان. چونکە بوونی ئەو هێزانە بەتایبەتی حەشدی شەعبی ڕێگر و ئاستەنگ دروست دەکەن لەم ڕووەوە.

*** باشە ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە پارتی لایەنێکی بەهێزە لە پەرلەمانی عێراقدا، ئومێد و هیواو وچاوەڕوانی ئێوە چییە لە پەرلەمانتارەکانی پارتی بۆ ئەوەی بە جددی کاری لەسەر پرسی دەڤەری شنگال بکەن؟**

- ئومێدی ئێمە ئەوەیە پارتی کە پێگەیەکی بەهێزی هەیە لە بەغدا و ئامانجی ستراتیژی هەیە کاریگەری و هەوڵی هەبێت بۆ کشاندنەوەی هێزە عەسکەرییەکان، وەك حەشدی شەعبی و پەکەکە، لەو ناوچانە کە لە کوردستان دابڕێنراون، وەك خانەقین و دوزخورماتوو و کەرکووك و دەشتی موسڵ و شنگال. کەواتە هیوای ئێمە ئەوەیە کە پارتی لە ڕێی پەرلەمانتارەکانی و لە ڕێی ئەو پۆستانەی دیکەوە کە وەریدەگرن، کاری جددی بکەن و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم دەڤەرە هەوڵ بدەن، وەك گەڕاندنەوەی خەڵکەکە بۆ ناوچەکە و قەرەبووکردنەوەیان و ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرەکەیان.

*** زۆر باس لە گرنگیی یەکڕیزیی کورد لە بەغدا دەکرێت، باشە ئێوە گرنگیی یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی لایەنە کوردییەکانی بەغدا لە چیدا بەدی دەکەن؟**

- من هەمیشە ئەوەم وتووە کە ئەگەر کورد لە بەغدا یەکڕیز نەبێت، ئەمە ڕەنگدانەوە و کاریگەریی خراپی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت، لەم ڕوانگەیەوە من بە پێویستی دەزانم کە پێداگری بکەم لەسەر ئەوەی پێویست کورد یەکڕیز بێت و لایەنە کوردییەکان لە پێناو گەشەپێدان و پێشخستنی هەرێمی کوردستاندا هاوکاریی یەکتر بکەن.

*** بەڵام زۆرجار دەبینین پارتی ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی ئیرهابی فیکری دەبێتەوە، ئێوە لێکدانەوەتان چییە بۆ ئەم مەسەلەیە و هۆکارەکانی بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

- لە ڕاستیدا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەندە بەسە کە بڵێین پارتی نوێنەری سەرەکیی میللەتی کوردە و لە سەنگەری بەرگریدایە لە دژی هەموو دوژمنانی کوردستان و هەڵگری خواستی سەربەخۆیی و گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکانە بۆ کوردستان.

*** ئێوە چۆن لە ڕۆڵی سەرۆك بارزانی دەڕوانن بۆ بەرگریکردن لە ناوچەکەی ئێوە و لە مافی خەڵکەکەی؟**

کوردانی ئێزیدی باش دەزانن کە سەرۆك بارزانی پشتیوانی خواست و داخوازییەکانی ئەوانە و ئەو ڕاستییەش دەزانن کە بێ پارتی و بارزانی مومکین نییە خاکی دەڤەرەکەمان بگەڕێتەوە سەر کوردستانێکی ئاوەدان.

**کاتێک ئەو وڵاتانە باس لەوە دەکەن کە باشترە کورد لەگەڵ عێراقدا کار بکات، ئەوا پێویستە ئەوەشیان لەبەرچاو بێت کە دەبێت کێشە دەستوورییەکانی نێوان کوردستان و عێراق بێنەچارەسەکردن**

**داخوازیی خەڵکی شنگال ئەوەیە کە پەکەکە و حەشدی شەعبی ئەو دەڤەرە جێبهێڵن و دەست بکرێتەوە بە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچەیە بۆ ئەوەی هەلومەرجی ئەوە دروست بێت کە خەڵکی بتوانن بگەڕێنەوە**


کفش رکورد

# کلاسیکۆی ئەمریکا و ئێران

## لە عێراقدا دەست پێدەکات و
## بە کۆتایی عێراق کۆتایی دێت



**شەڕ و ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا لەسەر باڵادەستی و نفووزی هەر لایەکیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەوە دەرچووە کە ئەمریکا بە هاوبەشە لۆکاڵەکانی (Local Partner)، یان ئێران بە میلیشیا وەکیلەکانی شەڕێکی شاراوە لە دژی یەکتری بەڕێوەبەرن**

**ئەمریکا بەو نیازە بە کردەیی ئایندەی سووریای بۆ ڕووسیا بە جێهێشت، ئومێدی بەوە بوو کە جڵەوگێری سیاسەتی عێراق لە دوای شەڕی دژی داعش لەدەستی خۆیدا دەبێت، بەڵام کێشە گەورەکە ئەوەیە، ئێستا جڵەوگێری سیاسەتی عێراق بە کردەیی لە دەستی ئێراندایە و تەنیا لە ڕاگەیاندنەکاندا باسی کاریگەری سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا دەکرێت**

شەڕ و ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا لەسەر باڵادەستی و نفووزی هەر لایەکیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەوە دەرچووە کە ئەمریکا بە هاوبەشە لۆکاڵەکانی (Local Partner)، یان ئێران بە میلیشیا وەکیلەکانی شەڕێکی شاراوە لە دژی یەکتری بەڕێوەبەرن، بە پێچەوانەوە بارودۆخەکە بەرەو ئەوە دەچێت کە ئەمجارەیان هەردوولا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی یەکتری ببنەوە و، گۆڕەپانی گونجاویش بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم شەڕ و ململانێیە لە ئێستادا عێراقە و هەردوولایان دەیانەوێت بە جڵەوگیرکردنی عێراق، بڕبڕەی پشتی ئەوی دیکەیان بشکێنن، ئەم شەڕ و ململانێیەش بە ئاشکرا دەستی پێکردووە و پێ ناچێت لە ماوەیەکی کورتدا کۆتایی پێ بێت.

خاڵی بەهێزی ئەمریکا لەم شەڕەیدا لەگەڵ ئێران، هێزی بازرگانی و هێزی ئاسمانییە، لە بەرامبەردا خاڵی بەهێزی ئێران بریتییە لە هێزی زەمینی کە توانای ئەوەی هەیە بە بێ شەڕ و لەسەر زەوی ئەو گۆڕەپانە گونجاوە کە عێراقە کۆنترۆڵ بکات. کاریگەریی خاڵە بەهێزەکانی ئەمریکا (هێزی بازرگانی و هێزی ئاسمانی) لە کاتێکدا کاریگەری لەسەر ئاراستەی ئەم شەڕ و ململانێیە دەبێت کە ئەمریکا بە پێشنیارەکەی ڕووسیا قایل بێت و لە بەرامبەر کشانەوەی هێزەکانی ئێران لە سووریا گەمارۆ نەخاتە سەر فرۆشتنی نەوتی ئێران لە هەفتەی داهاتوودا، هەر بۆیە ئەگەر ئەمریکا هەر سوور بێت لەسەر ئەوەی لەم مانگەدا گەمارۆی فرۆشتنی نەوت لەسەر ئێران جێبەجێ بکات، ئەوا جیا لەوەی هێزی گەمارۆی بازرگانی کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئێران نابێت، لە هەمانکاتدا لە ئاسمانیشەوە بارودۆخی عێراقی پێ کۆنترۆڵ ناکرێت، لەبەرامبەردا و بەپێچەوانەوە خاڵە بەهێزەکەی ئێران کە بوونی هێزی زەمینییە لە عێراقدا، دەتوانێت بەبێ شەڕ ئەو گۆڕەپانە گونجاوەی شەڕەکە لەسەر زەوی کۆنترۆڵ بکات و، ئەمریکا ئەو شەڕە دەدۆڕێنێت کە خۆی ناوی لێناوە: «شەڕی عێراق» و هەر خۆشیان دەڵێن لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا نزیکەی ٧ ترلیۆن دۆلاریان لەو شەڕەدا خەرجکردووە، ئەمە بێجگە لەوەی زیاتر لە ٥٠٠٠ سەربازیان لێ کوژراوە و زیاتر لە ٥٠ هەزار سەربازیشیان لێ بریندار بووە.

ئەمریکییەکان لەگەڵ ئەوەی زۆر بە ئاشکراو ڕاشکاوی بانگەشە بۆ تیۆرەکەی میکافیلی ناکەن بەوەی (ئامانج پاکانە بۆ هەر ئامرازێك دەکات کە پەنای بۆ دەبرێت)، بەڵام لەدوای دەستپێکردنی شەڕی سارد بۆ ململانێتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، بە موو لە تیۆرەکەی میکافیلی لایان نەداوە و لە هەر شوێنێك بۆیان گونجا بێت لە چوارچێوەی (سیاسەتی هەنگاو بە هەنگاو و شەڕی بەوەکالەتدا) زۆر بە باشی و بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان پاکانەیان بۆ هەموو ئەو شێواز و ئامرازانە هەبووە کە پەنایان بۆ بردووە، لەکاتێکیشدا ئامانجەکەیان بەدینەهاتبێت، ئەوا بەرژەوەندییەکانیان وای خواستووە کە دان بە دۆڕانی شەڕەکەدا بنێن، بێگومان داننانی ئەمریکا بە شکست لە شەڕی ڤێتنامدا تەنیا نموونەی ئەم ستراتیژەی ئەمریکا نییە، بەڵکو پێش شکستی ڤێتنام لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو و لە شەڕی کۆریادا، دەستی لە یەکپارچەیی کۆریا هەڵگرت و ڕازی بوو بەوەی کۆریای باشوور لەبەردەستی خۆی بێت و کۆریای باکووریش لەبەر دەستی سۆڤیەت بێت، هەروەها لە شەڕی داعشیشدا ڕاشکاوانە دانی بەوەدانا کە لە شەڕی دژی داعش لە سووریا هیچی پێناکرێت و هیچی پێنابرێت، بۆیە بە مانەوەی بەشار ئەسەد و جڵەوگیری ڕووسیا لە سووریا قایل بوو، ئەمریکا بەو نیازە بە کردەیی ئایندەی سووریای بۆ ڕووسیا بە جێهێشت، ئومێدی بەوە بوو کە جڵەوگێری سیاسەتی عێراق لە دوای شەڕی دژی داعش لەدەستی خۆیدا دەبێت، بەڵام کێشە گەورەکە ئەوەیە، ئێستا جڵەوگیری سیاسەتی عێراق بە کردەیی لە دەستی ئێراندایە و تەنیا لە ڕاگەیاندنەکاندا باسی کاریگەریی سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا دەکرێت.

ئەم بەراوردکارییە بۆ خاڵە بەهێزەکانی ئێران و ئەمریکا لەم شەڕ و ململانێیەی ئێستا لە عێراقدا بەڕێوە دەچێت، بەو مانایە نییە کە بڵێین: ئێران ئاستی سوپەرپاوەری ئەمریکای بەزاندووە، یان لە بواری تەکنەلۆژیا و تەکنەلۆژیای سەربازی و ڕۆکێت و چەکی ئەتۆمیدا باڵادەستی بەسەر

ئەمریکادا هەیە، بەپێچەوانەوە وەك جۆزیف نای لە کتێبی (ئایا سەدەی ئەمریکا بەسەر چوو (Is the American Century Over . وەڵامی دەداتەوە، هێشتاش پێنج یەکی ئابووریی جیهان (١٩-٢٠٪) لای ئەمریکایە، لە بواری تەکنەلۆژیاشدا، تەنیا ئاماژەکردن بۆ ( دۆڵی سلیکۆن - silicon valley) بەسە بۆ ئەوەی بڵێن ئەمریکا بالادەستی پرۆگرامی تەکنەلۆژی بەسەر هەمەوو جیهاندا هەیە، بێگومان لە بواری سوپا و تەکنەلۆژیای سەربازیشدا هەتا دوسێ دەیەی دیکە هیچ کەس ناتوانێت ئەوە بڵێت کە سوپایەك لەم جیهانە دروست دەبێت، کە شان لە سوپا و تەکنەلۆژیای سەربازیی ئەمریکا بدات، بەڵام کێشەی گەورەی ئەمریکا لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە هەتا ئێستا ئەوەیە کە دەتوانێت بەو ئیمکانیەتە گەورەیەی لەبەردەستیەتی لە هەمەوو شوێنێکی ئەم جیهانە کێشەی گەورە و ئاڵۆز دروست بکات، بەڵام سادەترین کێشەی پێ چارەسەر نەکراوە، لەمبارەوە ئەگەر سەرنج لە هەردوو شەڕی عێراق و ئەفغانستان بدەین، دەبینین ئەمریکا لە رووی سەربازییەوە بە ماوەیەکی زۆر کورت توانی هەردوو رژێمی ( تالیبان و بەعس) لە عێراق و ئەفغانستان برووخێنێت، بەڵام دوای نزیکەی ١٥ ساڵ بەسەر رووخانی رژێمی تاڵیباندا، هەر خودی ئەمریکا خۆی ناچار بووە بە رێگەی قەتەر دانوستاندن لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان بکات، لە عێراقیشدا لەگەڵ ئەوەی هەمەوو ئامانجی ئەوە بوو کە بە رووخانی رژێمی بەعس، سیاسەتی ئیحتوای دوولایەنەی عێراق و ئێران جێبەجێ بکات، کەچی دوای هەشت ساڵ لە رووخانی رژێمی بەعس، ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە عێراق کێشایەوە و عێراقی لەسەر سینییەکی زێڕ بە بەلاش بۆ ئێران بەجێهێشت و لە ساڵی ٢٠١٥ش رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئیمزا کرد، ئەو رێککەوتنەی کە چەند مانگێکە بە فەرمی ئیدارە ترەمپ لێی کشاوەتەوە و بە ئومێدە کە ئێران ناچار بکات، رێککەوتنێکی دیکەی لەگەڵ ئیمزا بکات. بەم هەنگاوەشی دیسان کێشەیەکی گەورەی بۆ خۆی و تەواوی دەوڵەتانی ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا دروست کردووەو بەئاسانیش بۆی چارەسەر ناکرێت.

لەبەرامبەر ئەم هێزە سەرسوڕهێنەری ئەمریکا لە بوارەکانی (هێزی نەرم، هێزی بازرگانی، پرۆگرامی تەکنەلۆژی، تەکنەلۆژیای سەربازی و چەکی ئەتۆمی)، دەبینین نەك هەر ئێران دەتوانێت تەحەددای نفووز و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکات، بەڵکو دۆستێکی دێرینی ئەمریکا (کە تورکیایە) لەماوەی چەند ساڵی رابردوو نەك هەر توانیویەتی لەزۆر بواردا تەحەددای نفووز و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بکات، بەڵکو زۆر جار تورکیا بۆتە هۆکاری ئەوەی کە لێکترازان لە نێوان هاوپەیمانەکانی ئەمریکا دروست بکات و کاریگەری هاوپەیمانە نزیکەکانی ئەمریکا وەك ( سعودیە و ئیمارات) لە هاوکێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێ ئاکام بکات، لەمەش خراپتر ئاراستەی نادروستی سیاسەتی ئەمریکا لەناوچەکە لە زۆر بواردا وایکردووە کە سیاسەتی ئەمریکا لەگەڵ سیاسەتی ئێراندا زیاتر هاوتەریب بێت، وەك لەگەڵ سیاسەتی هاوپەیمانەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر بۆ نموونە لەشەڕی دژی داعشدا، سیاسەتی ئێران و ئەمریکا هاوتەریب و هاو ئاراستە بوون، ئەمە لە کاتێکدا کە ئێران ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش نەبوو، بەڵام زۆر دابڕانێك لە نێوان سیاسەتی تورکیا و سیاسەتی ئەمریکا لەشەڕی دژی داعش دروست ببوو کە تورکیا ئەندامێکی کاریگەری هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی شەڕی دژی داعش بوو. هەروەها لەسەر پرسی پێداگرتن لەسەر نەخشە تەقلیدییەکەی سایکس پیکۆ، یان پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق، دەبینین سیاسەتی ئەمریکا بە تەواوەتی لەگەڵ سیاسەتی ئێرانی و تورکی یەکدەگرێتەوە، کە نە ئێران و نە تورکیاش بڕوایان بە نەخشەی سایکس پیکۆ نییە، بەڵکو ئامانجیانە لەناو نەخشەی سایکس پیکۆدا ئامانجەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و بە ئاشکراش دەستتێوەردانەکانی ئێران بۆ تەواوی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەستتێوەردانەکانی تورکیا بۆ سووریا و عێراق و وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا دەبینین، لەبەرامبەریشدا خودی نەخشەی سایکس پیکۆ بۆتە ئەو بەڵایە بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بیرمەندان و توێژەران و دیپلۆماتکاران ناویان

**دۆستێکی دێرینی ئەمریکا (کە تورکیایە) لەماوەی چەند ساڵی رابردوو نەك هەر توانیویەتی لەزۆر بواردا تەحەددای نفووز و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بکات، بەڵکو زۆر جار تورکیا بۆتە هۆکاری ئەوەی کە لێکترازان لە نێوان هاوپەیمانەکانی ئەمریکا دروست بکات و کاریگەری هاوپەیمانە نزیکەکانی ئەمریکا وەك ( سعودیە و ئیمارات) لە هاوکێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێ ئاکام بکات**

**لەسەر پرسی پێداگرتن لەسەر نەخشە تەقلیدییەکەی سایکس پیکۆ، یان پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق، دەبینین سیاسەتی ئەمریکا بە تەواوەتی لەگەڵ سیاسەتی ئێرانی و تورکی یەکدەگرێتەوە، کە نە ئێران و نە تورکیاش بڕوایان بە نەخشەی سایکس پیکۆ نییە، بەڵکو ئامانجیانە لەناو نەخشەی سایکس پیکۆدا ئامانجەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن**



**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی فرە کەلتوور و ئایین و نەتەوەیە، بەڵام ئەقڵییەتی حوکمڕانی و فرەیی و لێبوردەیی بوونی نییە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ژینگەیەکی ئاڵۆزی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جارێکی دیکە سەقامگیری دروست ببێتەوە**

لێناوە: ( کۆتایی سەدەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیشدا ).

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم ستافە تازەی ئیدارەی ترەمپ دەتوانن ئاراستەی سیاسەتی ئەمریکی لە دروستکردنی کێشە و ئاڵۆزی گەورەوە بگۆڕن بۆ چارەسەرکردنی کێشە گەورە و ئاڵۆزەکان و گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێکخستنەوەی سیستمی جیهانی؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەشێت تەنیا ڕۆژنامەنووسێکی بیرمەندی وەک تۆماس فریدمان بیداتەوە کە دەڵێت: گۆڕانکارییەکانی جیهان بە ئاستێك خێرا بوون کە جلەوگیری ستوونیی گۆڕیوە بۆ هاوشانبوونی ئاسۆیی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی فرە کەلتوور و ئایین و نەتەوەیە، بەڵام ئەقڵییەتی حوکمڕانی و فرەیی و لێبوردەیی بوونی نییە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ژینگەیەکی ئاڵۆزی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جارێکی دیکە سەقامگیری دروست ببێتەوە، دەبێت دەسەڵاتێکی میلیتاری وەك عەبدولفەتاح سیسی لە میسر بوونی هەبێت، یان خودی ئەمریکا و ڕۆژئاوا ببنە مامان بۆ لەدایکبوونی ئەو دەوڵەتەی کە دەتوانێت لەسەر بنەمای ئەقڵیەتی فرەیی و لێبووردەیی حوکمڕانی ئەو ژینگە فرەئایینی و نەتەوەییە بکات، هەموو ئەم گۆڕانکارییانەش سێ فاکتەر تەحەکومی پێوەدەکات کە بریتین لە: (سیاسەتی بازاڕ، گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، لەگەڵ یاسای مۆرس) .

### ● عێراق وەك بازنەیەك بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و ئێران

لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئایاری ڕابردوو و لە میانەی ئەو قسەو باس و دیبەیتانەی کە سیاسەتمەدار و چاودێرانی سیاسیی عەرەبی عێراق سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق دەیکەن، خاڵێکی هاوبەش هەموو خاڵە جیاوازەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەو



خاڵە هاوبەشەش ئەوەیە کە «سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق لە سەرۆك کۆماری ئێران، بۆ ئێران گرنگترە»، لەبەرامبەر ئەمەشدا خاڵێکی دیکە جیاوازیەکانی دیکە کۆدەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە «بونیادنانی حکومەتێکی بەهێز لە عێراقدا بەو مەرجەی هاوبەش و هاوپەیمانی راستەقینەی ئەمریکا بێت، هێندەی ئیسرائیل بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگە.»

ئەوجا ئەگەر ئەم دوو خاڵە هاوبەشە لەسەر دیفاکتۆی پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراق تەرجەمە بکەین، ئەوا ماراسۆنەکانی هەردوو نوێنەری ئێران و ئەمریکا لە عێراقدا (دۆگلاس سلێمان و ماکگۆرگ) بە ئاشکرا عێراقمان وەك بازنەیەك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و ئەمریکا بۆ وێنا دەکات.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لە بایەخی عێراق بۆ سەرکەوتنی سزاکانی ئەمریکا بەسەر ئێراندا بدەین، ئەوا لە تێڕوانینی برێت ماکگۆرگ نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی دژی داعش و دۆگلاس سلێمان باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا، دەبینین کلیلی سەرکەوتنی سزاکانی ئەمریکا بەسەر ئێراندا لە عێراقەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر بۆیە ئەوان پێیانوایە ئەگەر حکومەتێك لە عێراقدا دروست ببێت و سەرۆك وەزیرانەکەی سیاسەتی ئەمریکا جێبەجێ بکات، ئەوا سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بە ئاستێك کاریگەری دەبێت کە ئێران ناچار دەکات مل بۆ دانوستاندن و رێککەوتنێکی تازە (بە مەرجی ئەمریکا) کە چ بکات، بۆ ئەمەش لایەنی ئەمریکی کە زۆر پشتگیری لە د.حەیدەر عەبادی دەکرد بۆ کاندیدکردنەوەی بۆ خولی دووەمی پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق، تەنیا لەسەر ئەوەی وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق رایگەیاند (عێراق پابەند دەبێت بە سزاکانی ئەمریکاوە لەسەر ئێران)، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەردوو لیستی (فەتح

**دەبێت دەسەڵاتێکی میلیتاری وەک عەبدولفەتاح سیسی لە میسر بوونی هەبێت، یان خودی ئەمریکا و رۆژئاوا ببنە مامان بۆ لەدایکبوونی ئەو دەوڵەتەی کە دەتوانێت لەسەر بنەمای ئەقڵیەتی فرەیی و لێبووردەیی حوکمڕانی ئەو ژینگە فرەئایینی و نەتەوەییە بکات**

**لە میانەی ئەو قسەو باس و دیبەیتانەی کە سیاسەتمەدار و چاودێرانی سیاسیی عەرەبی عێراق سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق دەیکەن، خاڵێکی هاوبەش هەموو خاڵە جیاوازەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەو خاڵە هاوبەشەش ئەوەیە کە «سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق لە سەرۆک کۆماری ئێران، بۆ ئێران گرنگترە»**

**ئەرکی سەرەکیی لایەنی کوردستانی ئەوەیە کار لەسەر ئەو بەرنامەیەی خۆی بکات کە بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا دایڕشتووە، و هەر لایەنێک یان میحوەرێک توانی ببێتە حکومەت و دەسەڵاتدار لە عێراقدا ئەوا کورد ناچارە مامەڵەی لەگەڵ بکات و هەوڵبدات کە بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات**

و سائیرون بە سەرۆکایەتیی عامری و سەدر) جیا لەوەی لیستی (نەسریان بە سەرۆکایەتی عەبادی) لەبەر یەك هەڵوەشاند، لەمەش زیاتر ناچاریان کرد خۆی بکاتەوە بە حزبی دەعوەدا و خۆی بخاتەوە ژێر سێبەری مالیکی و حزبی دەعوە.

لەبەرامبەردا ئەگەر سەیری بایەخی حکومەتی عێراق بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بکەین، دەبینین، ئێران نەك هەر تەنیا کاریگەری بەسەر لایەنە شیعەکانەوە هەیە، بەڵکو ئەم کاریگەرییەی خۆی فراوانکردووە بۆ هەردوو پێکهاتەکەی دیکە کە ئەوانیش (سوننە و کورد)ن، هەر بۆ نموونە هەڵبژاردنی محەمەد حەلبوسی بۆ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق وەك پشکی سوننە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، بە پشتگیری و پاڵپشتی هاوپەیمانی بینا بووە بە سەرۆکایەتی (هادی عامری و نوری مالیکی)، لەمەش زیاتر راستە حەلبوسی کەسێکی سوننەیە و پشکی سوننەی وەگرتووە، بەڵام لە ناوەندەکانی راگەیاندن وەك کاندیدی هاوپەیمانی بینا (تحالف البناء) ناو دەبرێت، ئەم سیناریۆیە هەتا ئێستا (تا ٢٠١٨/٩/٣٠) لە پرۆسەی کاندیدکردنی سەرۆکۆمار وەك پشکی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، لەم پرۆسەیەشدا ئاشکرایە ماکگۆرك دەیەوێت کێ سەرۆکی کۆماری داهاتووی عێراق بێت؟ بەڵام جیا لەوەی ئەم کاندیدە کوردە لەناو فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا پەسەند نییە، لە هەمانکاتدا لەلایەن هاوپەیمانی بینا و بەشێکی زۆری هاوپەیمانی ئیسلاح و هاوپەیمانی میحوەری سوننەکانەوە رەتدەکرێتەوە، بیانووی هەموو لایەنەکانی شیعە و سوننە بۆ رەتکردنەوەی کاندیدەکەی ماکگۆرك ئەوەیە کە کاندیدە کوردەکە جێگەی رەزامەندیی هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان نییە وەك کاندیدێکی هاوبەش، کە هەر ئەمەش کارتی کاندیدەکەی ماکگۆرگی سووتاندووە.

ئەگەر لەنێوان ئەم شەڕ و ململانێ توندەی ئێران و ئەمریکاوە، سەیری پرۆسەکانی پێکهێنانی حکومەت و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بکەین، لەم چوارچێوەیەدا شێوازی مامەڵەکردنی لایەنی کوردستانی بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی رێنمایی و راسپاردەکانی بارزانیدا، ئەوا دەبینین، رێنمایی و راسپاردەکانی بارزانی بۆ شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دانوستاندنەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراق، جیا لەوەی بەشێوەیەکی مەزندە بۆ نەکراو پارسەنگ و شکۆی بۆ پێگەی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا گێڕاوەتەوە، لە هەمانکاتدا ئەم هەڵوێستەی کوردستان لە چوارچێوەی رێنمایی و راسپاردەکانی بارزانی، پەیامێکی دیپلۆماتیی زۆر گرنگیشە بۆ هەموو ئەو لایەنانەی لەکاتی پرۆسەی ریفراندۆمدا لە دژی کوردستان هاوئاواز و هاودەنگ بوون، هەر بۆیە لەم ئاراستەیەدا، شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو ئەو لایەنانەشی لەگەڵ سیاسەتی پارتیدا یەك دەگرنەوە، وەك لایەنە عەرەبییەکان خۆیان باسی دەکەن، بەمجۆرە مامەڵەیان لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراق کردووە:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان وەك لایەنێکی سەرەکی لە نوێنەرایەتیکردنی کورد لە پرۆسەی سیاسیدا کە خاوەنی ٢٥ کورسیی پەرلەمانە، بەردەوام لە هەردوو میحوەرەکە هەوڵیانداوە کە هەڵوێستی پارتی وەك فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بەکاربهێنن، بەڵام وەك بەها ئەعرەجی سەرکردە لە تەیاری سەدر و لیسیتی ئیسلاح لە بەرنامەیەکدا راشکاوانە ئاماژەی پێکرد، لایەنی کوردستانی بەتایبەتیش سەرۆك مسعود بارزانی بەیەك مەودا لە هەردوو لیستی ( ئیسلاح و بینا ) راوەستاوە و نابنە فاکتەرێك بۆ سەرکەوتنی ئیسلاح بە سەر بینا، یان بە پێچەوانەوە، بەڵکو ئەوان چاوەڕێی ئەوە دەکەن، ئەم دوو هاوپەیمانیە فراکسیۆنێکی گەورە پێکبهێنن و پاشان کوردستان لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەی هەیەتی، دانوستاندن لەگەڵ فراکسیۆنە گەورەکە دەکات و پشتگیریی ئەو فراکسیۆنە دەکات، بەڵام نابێتە بەشێك لە فراکسیۆنی گەورە.

ئەگەر سەرنج لەم هەڵوێستە بدەین کە عەرەبەکان خۆیان باسی دەکەن و خۆیان گەواهی ئەوە دەدەن کە بەم هەڵوێستە نەك هەر کورد بۆتەوە بە تۆپی قەپانەکە، بەڵکو ئێستا خۆی قەپانەکەیە، ئەوا دەگەینە ئەو راستییەی کە

راسپاردە و ڕێنماییەکانی بارزانی ئەو راستییە بۆ هەموو لایەك ئاشکرا دەکات کە جیا لەوەی هەردوو میحوەرەکە بۆ کوردستان هیچ جیاوازیەکی نییە، لە هەمانکاتدا ئەوانەشی تا دوێنێ بۆ دژایەتی ریفراندۆمی کوردستان هاوهەڵوێست بوون، ئێستا هیچ پێویست نییە کورد پشتگیریی هیچ لایەکیان بکات.

٢- برێت ماکگۆرگ کە بە زۆری زۆرداری و بە فێڵکردن لە پەرلەمانتارە تازەکان، دەیویست فراکسیونێکی گەورە بە ناوی ئیسلاح لە هاوپەیمانییەکانی سائیرون و نەسر و حیکمە و لایەنەکانی سوننە دروست بکات، هات بە کۆکردنەوەی ئیمزای سەرۆك فراکسیۆنەکان، فراکسیۆنێکی گەورەی نزیکەی ١٨٠ کورسی راگەیاند و عەبادیشی وەك تاکە کاندید ناساند، بەڵام ئەم راگەیاندنە بەوجۆرە بوو، هەر بۆ نموونە کە ئیمزاکەی حەیدەر عەبادی نوێنەرایەتی ٤٣ پەلەمانتار دەکات، بەڵام دەرکەوت لیستی نەسر بە سەرۆکایەتی عەبادی تەنیا شەش حەوت پەرلەمانتار پشتگیری لێ دەکات، هەر بۆیە کە چوونە ناو کۆبوونەوەی پەرلەمان و پاش ئەوەی هاوپەیمانیی بینا لە کۆبوونەوەکە کشانەوە، ئەوە بوو، رێژەی پەرلەمانتارانی ئامادەبوو بەشی ئەوەی نەکرد کە سەرۆکی پەرلەمانیش هەڵبژێرن، ئەمەش وەڵامدانەوەیەکی توند بوو بەوەی فراکسیۆنە گەورەکەی ماکگۆرك فەشەلی هێنا. لەسەر مامەڵەی شاندی کوردستان لەگەڵ ئەم فراکسیۆنە ماکگۆرك دیسان لایەنی کوردستانی ئەوەی پێ راگەیاندبوون، ئێوە فراکسیۆنە گەورەکەی خۆتان پێکبهێنن، ئێمەش پشتگیریتان دەکەین، هەر بۆیە بەم هەڵوێستە و دوای ئەوەی ئەو فراکسیۆنە شکستی هێنا، تەنیا پێگە و شکۆی شاندی کوردستان لە پرۆسەکەدا بە نەگۆڕی مایەوە و ئەوانەی دوای قسەکانی ماکگۆرگ کەوتبوون شکستیان هێناو سەرەنجامیش لیستی سائیرون بە سەرۆکایەتی سەدر لە لیستی بینا بە سەرۆکایەتی هادی عامری نزیك بووەوە.

ئاماژەکردنمان بە ئاستی ئاڵۆزیی پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراق و هەڵوێستی لۆژیکانەی شاندی کوردستان لەچوارچێوەی راسپاردە و ڕێنمایەکانی بارزانی، جەختکردنەوەیە لەسەر دووربینی و لۆژیکی بارزانی بۆ ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، کە دەزانێت پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەهەر ئاراستەیەکدا بڕوات، نابێ کوردستان ببێتە لایەنگری لایەك دژی لایەکی دیکە و، ئەرکی سەرەکیی لایەنی کوردستانی ئەوەیە کار لەسەر ئەو بەرنامەیەی خۆی بکات کە بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا دایڕشتووە، و هەر لایەنێك یان میحوەرێك توانی ببێتە حکومەت و دەسەڵاتدار لە عێراقدا ئەوا کورد ناچارە مامەڵەی لەگەڵ بکات و هەوڵبدات کە بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات، ئەم ئاراستەیەی شاندی کوردستان کە بۆ بەرژەوەندیی مافەکانی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ دۆست و دوژمن بە راستی دەزانن و دەستخۆشی لێدەکەن، بەڵام پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەهەر ئاراستەیەك یەکلایی ببێتەوە، ناتوانێت حکومەتێك دروست بکات کە لە خزمەتی عێراقییەکاندا بێت و ئەو حکومەتە بێت کە ئامادەباشی تێدا بێت لە چوارچێوەی دەستووردا کێشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا چارەسەر بکات، بەپێچەوانەوە ئەگەر حکومەتێك بە ئاراستەی خواستەکانی ئەمریکا لە عێراقدا پێکبێت وەك ئەوەی ماکگۆرك و دۆگلاس سلێمان نەخشەڕێگەی بۆ دادەڕێژن، ئەوا لایەنەکانی دیکە بەتایبەتی هاوپەیمانی بینا بە سەرۆکایەتی هادی عامری بە ئاشکرا و بێ شاردنەوە گوتوویانە: « ئێمە لەماوەی دوو مانگدا ئەو حکومەتە دەڕووخێنین»، لەبەرامبەردا خۆ ئەگەر حکومەتێکیش بە ئاراستەی میحوەرەکەی دیکە (ئێرانی) پێکبهێنرێت، ئەوا دیسان ئەمریکا دەستەوەستان نابێت و لانیکەم گوشارێکی زۆری دەخاتە سەر و هیچ دوور نییە هەمان سزاکانی ئێرانی لەسەر دووبارە بکاتەوە، لەم حاڵەتەدا لەوانەیە تەمەنی ئەم حکومەتە ئەگەر زۆر کورتیش نەبێت، بەڵام ناتوانێت حکومەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا بێت، بۆیە ئەم حکومەتەش لەبری ئەوەی کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات، ئاڵۆزتریان دەکات و، زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی عێراق بە یەکجارەکی کۆتایی بێت، پێش ئەوەی شەڕ و ململانێی ئێران و ئەمریکا بەتەواوەتی کۆتاییان بێت.

**پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەهەر ئاراستەیەک یەکلایی ببێتەوە، ناتوانێت حکومەتێک دروست بکات کە لە خزمەتی عێراقییەکاندا بێت و ئەو حکومەتە بێت کە ئامادەباشی تێدا بێت لە چوارچێوەی دەستووردا کێشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا چارەسەر بکات**

**ئەگەر حکومەتێک بە ئاراستەی خواستەکانی ئەمریکا لە عێراقدا پێکبێت وەک ئەوەی ماکگۆرک و دۆگلاس سلێمان نەخشەڕێگەی بۆ دادەڕێژن، ئەوا لایەنەکانی دیکە بەتایبەتی هاوپەیمانیی بینا بە سەرۆکایەتی هادی عامری بە ئاشکرا و بێ شاردنەوە گوتوویانە: « ئێمە لەماوەی دوو مانگدا ئەو حکومەتە دەڕووخێنین»**



ستیڤن زونێس پرۆفیسۆری سیاسەت و دیراسەتە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ و ڕێکخەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ. یەکێکە لە توێژەرە دیارەکانی بواری سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خاوەنی چەندین توێژینەوە و نووسینە لە بواری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ و چەند بوارێکی دیکە. پێشتریش توێژەر بووە لە سەنتەری دیراساتی جیهانی، نێودەوڵەتی و ناوچەیی لە زانکۆی کالیفۆرنیا سانتا کروز. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیە و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم سیاسەتە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.

دیمانەی تایبەت

**ستیڤن زونێس**

**شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# نەبوونی گەشەی درێژخایەنی ئابووری دۆخێکی خوڵقاندووە گەنجان پتر بکەونە ژێرکاریگەریی توندڕەوەکانەوە

*** هەروەك ئاشكرایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەكی ستراتیژیی گرنگە و جێی بایەخی هێزە جیهانییەكانە، بەتایبەتی ئەمریكا، ئایا ئێوە چۆن سیاسەتی ئیدارەی ئەمریكا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا هەڵدەسەنگێنن؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم كە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ یەكەم سەرۆكی ئەمریكایە كە پێشتر هیچ بەرپرسیارێتییەكی سیاسی نەبووبێت، یان ژەنەڕاڵ نەبووبێت لە سوپای ئەمریكا، كەواتە ئەو هیچ ئەزموونێك، یان پێشینەیەكی نییە لە بواری كاروبارە دەرەكییەكاندا، هەروەها ئەو زانیارییەكی كەمی هەیە لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. كەواتە ئەو لەسەر بنەمای تێڕوانینی خۆی، یان لەسەر بناغەی ڕاسپاردەی ڕاوێژكارەكانی كار دەكات، زۆربەی ڕاوێژكارەكانیشی سەر بە ئەوپەڕی باڵی ڕاستڕەوی نێو شەبەنگی سیاسیی ئەمریكان، بۆ نموونە ڕاوێژكارە سەرەكییەكەی بۆ كاروبارەكانی ئیسڕائیل و فەلەستین و باڵیۆزی ئەمریكا لە ئیسڕائیل بەرهەڵستكاری بەهێزی مافەكانی فەلەستینییەكانن و بەرهەڵستی دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستینی و پشتیوانی لە كۆلۆنیالیزمی ئیسڕائیلی دەكەن لە كەناری ڕۆژئاوا- كە تێیدا كۆمەڵگەی نیشتەجێبوون دروست دەكرێت و ئەمەش پێشێلكارییە بۆ یاسای نێودەوڵەتی-. هەروەها ترەمپ پشتیوانیی دەوڵەتە دیكتاتۆرییەكانی ناوچەكەی كردووە، لە نێویاندا سعودیە و وڵاتانی كەنداو، كە ئێمە بینیمان پشتیوانی لە بۆردومانكردنی یەمەن لەلایەن سعودیەوە كرد كە بۆتەهۆی مردنی دەیان هەزار كەسی مەدەنی. هەروەها لە كاتێكدا كە ئەو ڕەخنەی لە دەستێوەردانەكانی پێشووی ئەمریكا لە ناوچەكە گرتووە، ئەوا لە كاتی خۆیدا پشتیوانی لێ كردن، بەڵام

**داگیرکاری دڵڕەقانەی ئیسرائیل و درێژەکێشانی کارەساتی مرۆیی یەمەن و چارەسەر نەبوونی کێشە، یان داواکاریی راستەقینەی کورد بۆ بڕیاردان لەمافی چارەنووس و مانەوەی گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک ئەلقاعیدە و داعش تراژیدیایەکی بەردەوامە**

**چەندین لایەن و خەڵکێکی زۆر لە ئێران نارازین لە دەسەڵاتی وڵاتەکە، بەڵام ئەمە پرسێکە دەبێت خەڵکی ئێران خۆیان یەکلای بکەنەوە و ئەگەر ئەمریکا کار بکات بۆ ئەنجامدانی کودەتایەک لە ئێراندا، ئەوا ئەمە پێگەی کەسایەتی و لایەنە سەختگیرەکانی نێو ئێران بەهێز دەکات**

**ئەمریکا لە ڕێی فشارەکانەوە زیانی بە ئابووریی ئێران گەیاندووە و ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کەسانی سەرسەختی نێو ئێران داوای دووبارە دەستپێکردنەوەی پڕۆگرامە ئەتۆمییەکە بکەن**

لە سەروەختی هەڵبژاردنەکاندا وەك کەسێك خۆی دەخستەڕوو کە مەیلی کەمتری هەیە بۆ دەستێوەردان و ڕەخنەی لە هیلاری کلینتۆن گرت وەك کەسێك کە سەر بە باڵی هەڵۆکانی نێو پارتی دیموکراتەکانە، بەڵام لە واقیعدا دۆناڵد ترەمپ چالاکیی سەربازیی ئەمریکای لە ناوچەکەدا زیاتر کردووە، ئەوە دۆناڵد ترەمپ بوو کە ئازادیی زیاتری بە سوپادا لە پەیوەندی بە بۆردمانکردن و چالاکییە سەربازییەکانی دیکەوە، هەر ئەوە بووە کە وەزارەتی دەرەوە و دیپلۆماتکارە پرۆفیشناڵەکانی پەراوێز خستووە کە شارەزاییان هەیە لەبارەی ناوچەکەوە. لە هەمان کاتدا هێشتا یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانەمەزراندووە، هەروەها ژمارەیەك لە پۆستی گرنگی باڵیۆز بە بەتاڵی ماونەتەوە

*** ئێمە دەزانین هەمیشە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ باسی ئەوە دەکات کە توانراوە داعش لە ڕووی سەربازییەوە تێکبشکێنرێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن هەڵسەنگاندن بۆ ستراتیژیەتی ئیدارەکەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و بەدیهێنانی سەرکەوتنێکی درێژخایەن دەکەیت؟**

- ئێمە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە تەنانەت پێش ئەوەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپیش دەسەڵات بگرێتەدەست، ئەوا داعش لە پاشەکشەدا بوو و هێزەکانی دژ بە داعش لە ڕووی سەربازییەوە لە پێشڕەویدا بوون، مەبەستم لە هێزە کوردییەکانی سووریا و عێراق، هەروەها سوپای عێراق و سووریایە، لە هەمووشی گرنگتر هۆکاری پاشەکشەی داعش نەبوونی پشتیوانی جەماوەری بوو لەو شوێنانەی کۆنترۆڵی کردبوون. واتە لێرەدا دەتوانین بڵێین رزگارکردنی موسڵ و ڕەققە- کە سەرکەوتنی گەورە بوون- هەر بەدی دەهاتن بە چاوپۆشین لە بوونی دۆناڵد ترەمپ بە سەرۆك. بەڵام ڕێگەدان بە بۆردومانکردنێکی چڕ و پڕ-لەلایەن ترەمپەوە- بووە هۆی وێرانبوونێکی زۆری شاری موسڵ و بە قوربانی بوونی هەزارانی خەڵکی مەدەنی، ئێستاش ترەمپ رایگەیاندووە کە ئەمریکا پابەند نییە بە دەستەبەرکردنی دارایی بۆ ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنەوەی ئەو شارانەی بەهۆی بۆردومانی ئەمریکاوە وێران بوون. بەڵام ئەمە بەرپرسیارێتیی ئەمریکایە، چونکە داعش دەرئەنجامی راستەوخۆی داگیرکاری عێراق بووە لەلایەن ئەمریکاوە، هەروەها دەرهاویشتەی راستەوخۆی سیاسەتی توندی بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوون و ئەشکەنجەدان و سیاسەتەکانی دیکەی ئەمریکا بوو لە عێراقدا کە بوونەهۆی ئەوەی بەشێکی دانیشتووانی سوننە بەرەو توندڕەوی بچن و لە دواییشدا ببنە سەرکردە و فەرماندەی سیاسی و سەربازی لە نێو داعشدا.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە ترەمپ پێی وانییە ئەمریکا ناچار بێت ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی ئەو شارانە بگرێتەئەستۆ و ئێمەش دەزانین حکومەتی عێراق ناتوانێت ئەم کارە بکات، ئایا پێت وانییە ئەمە دۆخێك دروست دەکات کە دروستبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی هاوشێوەی داعش ببێتە شتێکی حەتمی؟**

- ئەوەی مایەی سەسوڕمانە ئەمریکا بە ناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمەوە ناوچەکەی زیاتر بەرەو عەسکەرتاریەت بردووە، ئەمە لە کاتێکدا پشتیوانیی ئەمریکا لە دەوڵەتە دیکتاتۆر و گەندەڵەکان و داگیرکردنی وڵاتان لە ناوچەکە و بۆردومانکردنی ناوەندە مەدەنییەکان کەشێکی خوڵقاندووە کە هاندەر بێت بۆ توندڕەوی. ئەمەش هاوشان بوو بە شکستهێنان لە هێنانەدی گەشەیەکی درێژخایەنی ئابووری و هەروەها دۆخێکی دروست کردووە کە گەنجان پتر بکەونە ژێر کاریگەریی توندڕەوەکانەوە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئەمریکا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سعودیە و یەمەندا هەیە، کە ئەم دوو وڵاتەش هاوکاری ڕێکخراوە سەلەفییەکانیان کردووە، واتە جێی سەرسوڕمانە کە سەرۆك ترەمپ لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە تەنیا ئاماژەی بە ئێران کرد کە سەرچاوەکانی بۆ سەرکێشی دەرەکی و پشتیوانیکردن لە گرووپە توندڕەوەکان تەرخان دەکات، هەموو ئەمانە راستن، بەڵام بۆ سعودیەش راستن و بگرە من دەڵێم ئەم قسانە زیاتر بەسەر سعودیە و ئیماراتدا جێبەجێ دەبن، ئەمەش نموونە و بەڵگەیەکی دیکەیە لەبارەی ئەوەی ئەمریکا

دوو پێوانەی جیاواز بەکار دەهێنێت، کە ئەمە هەمیشە وابووە، بەڵام بە ڕادەیەکی گەورەتر لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا بەدی دەکرێت.

*** باسی ئەوەت کرد کە ترەمپ تەنیا تەرکیزی لەسەر ئێران کرد، باشە بۆچی ئیدارەی ترەمپ بەو شێوەیە دەستی داوەتەوە فشاردروستکردن لەسەر ئێران، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کشایەوە؟**

- ئەگەر باسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکەین، ئەوا بە گوێرەی ئەم ڕێککەوتنە مەحاڵ بوو ئێران بتوانێت چەکی ئەتۆمی دروست بکات، ئەویش لە ڕێی سنووردارکردنی پرۆسەی پیتاندنی یۆرانیۆم و سەپاندنی سەختترین و توندترین سیستمی چاودێری — لە مێژوودا- بەسەر پرۆگرامەکەدا، هەروەها لە ڕێککەوتنەکەدا ئاماژە بە سەپاندنەوەی ڕاستەوخۆی سزاکان کرابوو لە حاڵەتی پێشێلکردنی لەلایەن ئێرانەوە. لەبەر ئەوە پێموانییە هۆکارێکی عەقڵانی هەبووبێت بۆ ئیدارەی ترەمپ بۆ ئەوەی لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە، جگە لەوەی ئامانجەکە ئەوە بوو کە لە ئەنجامدا ئێران بڕیاری دەستپێکردنەوەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکە بدات و ئەمریکاش ئەمە بکاتە پاساوی هەڵگیرساندنی شەڕ. لەم ڕوانگەیەوە پێموایە بڕیاری کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە لە چەند ڕوویەکەوە مەترسیدار بوو، چونکە ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی وڵاتانی دیکەی خاوەنی پرۆگرامی ئەتۆمی وەك لایەنێکی متمانەپێکراو لە ئەمریکا نەڕوانن و دوودڵ بن لە هەڵوەشاندنەوەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەیان کاتێك بزانن ئەمریکا پشت لە ڕێککەوتنەکە دەکات و پێشێلی دەکات. ئێستاش ئەوەتا ئەمریکا لە ڕێی فشارەکانەوە زیانی بە ئابووریی ئێران گەیاندووە و ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کەسانی سەرسەختی نێو ئێران داوای دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکە بکەن. چونکە ئێران ڕازییە بە سنووردارکردنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی، بەڵام ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە ئەمە بەس نییە و هەڕەشەی لێدەکات، ئەوەتا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بە ئاشکرا داوای لە ئەمریکا کرد کە کار بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی ئێرانی بکات. خۆ ڕاستە چەندین لایەن و خەڵکێکی زۆر لە ئێران ناڕازین لە دەسەڵاتی وڵاتەکە، بەڵام ئەمە پرسێکە دەبێت خەڵکی ئێران خۆیان یەکلای بکەنەوە و ئەگەر ئەمریکا کار بکات بۆ ئەنجامدانی کودەتایەك لە ئێراندا، ئەوا ئەمە پێگەی کەسایەتی و لایەنە سەختگیرەکانی نێو ئێران بەهێز دەکات و بیانووش دەداتە دەستی دەسەڵات بۆ ئەوەی هەر بۆچوونێکی جیاواز سەرکوت بکات بە ناوی پاراستنی وڵاتەکەوە لە دەستێوەردانی ئەمریکا. دووبارەی دەکەمەوە ئەوەی ئەمریکا دەیکات لەم ڕووەوە جێی سەرسوڕمانە و دووپاتکردنەوەی ئەو ڕاستییەیە کە ئەمریکا دوو پێوانەی جیاواز بەکار دەهێنێت، چونکە ئەوەتا وڵاتانی وەك پاکستان و هیندستان و ئیسرائیل خاوەنی نەك پرۆگرام، بەڵکو خاوەنی چەکی ئەتۆمین و چەندین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش هەن کە داوایان لێدەکات دامەزراوە ئەتۆمییەکانیان بە ڕووی پشکێنەرە نێودەوڵەتییەکاندا بکەن، بەڵام ئەمریکا ڕێگری لە جێبەجێکردنیان دەکات، چونکە ئەم وڵاتانە هاوپەیمانی ئەمریکان.

*** دوایین پرسیارمان لەبارەی پێشبینییەکانتە بۆ ئایندەی ناوچەکە؟**

لە ڕاستیدا چەند پەرەسەندنێك هەن کە مایەی نیگەرانین کە بەهۆی سیاسەتە مەترسیدارەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا هاتوونەتە ئاراوە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەو تراژیدیا بەردەوامە بکەین کە لە سووریادا هەیە، هەروەها لە داگیرکاریی دڵڕەقانەی ئیسرائیل و درێژەکێشانی کارەساتی مرۆیی یەمەن و چارەسەر نەبوونی کێشە، یان داواکاریی ڕاستەقینەی کورد بۆ بڕیاردان لە مافی چارەنووس و مانەوەی گرووپە تیرۆریستییەکانی وەك ئەلقاعیدە و داعش. بەڵام بوارێك کە من ئومێدی تیابەدی بکەم بریتییە لە گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ئەو هاووڵاتیانە کاری تێدا دەکەن کە سەر بە کەلتووری خۆسەپێنی دەسەڵاتداران، یان گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان نین، کە هەم ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا ڕەتدەکەنەوە و هەم دەستێوەردانی ڕووسیاش، بەڵکو خوازیاری ئەوەن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە ناوچەیەکی سەربەخۆ و ئارام و گەشەکردوو.

**جێێ سەرسوڕمانە کە سەرۆک ترەمپ لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە تەنیا ئاماژەی بە ئێران کرد کە سەرچاوەکانی بۆ سەرکێشی دەرەکی و پشتیوانیکردن لە گرووپە توندڕەوەکان تەرخان دەکات، هەموو ئەمانە ڕاستن، بەڵام بۆ سعودیەش ڕاستن**

**ئەمریکا بە ناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمەوە ناوچەکەی زیاتر بەرەو عەسکەرتاریەت بردووە، ئەمە لە کاتێکدا پشتیوانی ئەمریکا لە دەوڵەتە دیکتاتۆر و گەندەڵەکان و داگیرکردنی وڵاتان لە ناوچەکە و بۆردومانکردنی ناوەندە مەدەنییەکان کەشێکی خوڵقاندووە کە هاندەر بێت بۆ توندڕەوی**

**ترەمپ ڕایگەیاندووە کە ئەمریکا پابەند نییە بە دەستەبەرکردنی دارایی بۆ ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنەوەی ئەو شارانەی بەهۆی بۆردومانی ئەمریکاوە وێران بوون**




**پیتەر هەننا پرۆفیسۆر و توێژەری کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی جیهانی ئایینییە و بە دیاریکراوی تەرکیز لەسەر ئەوە دەکات کە چۆن پەیوەندیی ئایین بە دەوڵەتەوە کاریگەری و رەنگدانەوەی لەسەر سیاسەت دەبێت، بە هەمان شێوە بایەخ بەوە دەدات کە چۆن دەوڵەتەکان ئایین وەك ئامرازێکی سیاسەتی دەرەکی بەکار دەهێنن. شرۆڤەکاری لە سەر ئەوەش دەکات کە چۆن پەیوەندیی دەوڵەتە موسڵمانەکان بە ئیسلامەوە کاریگەری هەیە لە سەر سیاسەتەکانی ئەم دەوڵەتانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم. پیتەر هەننا وەك توێژەر لە سەنتەری پیو بۆ توێژینەوەی پەیوەست بە تیرۆریزم و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و وەك راوێژکاری حکومەتی ئەمریکا کاری کردووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی هۆکار و و رێگاچارەکانی تیرۆر لەم ناوچەیە و گرنگیی بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و باشترکردنی پرسی حوکمڕانی بۆ بەرگرتن بە سەرهەڵدانەوەی گرووپە تیرۆریستەکان، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** هەروەك دەزانن سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ بەتایبەتی لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مشتومڕی زۆری لێکەوتۆتەوە، ئێوە چۆن لەم سیاسەتە دەڕوانن و ئایا خوێندنەوەتان بۆ رەهەندەکانی چییە؟**

- ئەوەی من بەدی دەکەم، ئەوەیە کە پشێوی باڵی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ترەمپدا کێشاوە — لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا-، بەتایبەتی کە ئێمە سیاسەتێکی روون — لەلایەن ئەمریکاوە- لە ئاست وڵاتی سووریا، یان یەمەن بەدی ناکەین، کە ئەمەش مایەی نارەحەتی و نیگەرانییە. راستە ئەم ئیدارەیە هەوڵێکی خستۆتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیی ئیسرائیل و فەلەستین و باس لە رێککەوتنی ئاشتی دەکات، بەڵام روون نییە هەنگاوەکانی ئەو پرۆسەی ئاشتییە چۆن بەرەوپێش دەچن.

*** باست لەوە کرد کە سیاسەتێکی روون و جێگیر بەدی ناکرێت لەلایەن ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا نەبوونی سیاسەتێکی لەم**

پیتەر هەننا
پسپۆڕی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بۆ گوڵان:

# ئەگەر دەوڵەت بتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات دەرفەت لە دەستی گرووپە تیرۆریستییەکان دەردەهێنێت

**چەشنە چ دەرئەنجام و ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- لە راستیدا گرنگە سیاسەتێکی گشتگیری هەبێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکە، ئەگەرنا رەوشێك دروست دەبێت کە ناچار دەبیت بە تەنیا و بە دابڕاوی مامەڵە لەگەڵ هەر یەکێکیاندا بکات. بەڵام ئەگەر بێت و ستراتیژیەتێکی گشتگیر لە ئارادا بێت، ئەو کاتە دەتوانێت بژاردە جیاوازەکان تاوتوێ بکات و بڕیاری ئەوە بدات، ئایا ئامانجەکەت بەدیهێنانی دیموکراسییە، یان سەقامگیری یان هەر ئامانجێکی دیکە.

*** ئەی چۆن لە سیاسەت و ستراتیژیەتی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بەتایبەتی لە ناوبردنی پاشماوەی داعش دەڕوانیت؟**

- ئەوەی دەبینرێت بەدیهاتنی بەرەوپێشچوونێکی باشە لەم رووەوە، ئەوەتا دەسەڵاتی داعش بەسەر ئەو خاکانەدا- کە دەستی بەسەردا گرتبوون- تێکشکێنراوە، بەڵام لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم ستراتیژیەتە لەسەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا دەستی پێکرد، واتە بە تەنیا پەیوەست نییە بە ئیدارەی ئێستاوە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە نابێت رازی بین بە دۆخەکە، مەبەستم ئەوەیە راستە دەسەڵاتی داعش بەسەر ئەو خاکانەی داگیری کردبوون کۆتایی پێهێنرا، بەڵام هێشتا چەکدارەکانی لە ناوچەکەدا ماون.

*** باشە مەترسی و نیگەرانی ئەوەتان نییە کە ئیدارەی ئەمریکا جارێ سەرکەوتن بدات و دەست بە کشانەوە بکات لەم ناوچەیە و ئەمەش دۆخێك بخولقێنێت کە ببێتەهۆی ئەوەی دووبارە گرووپە تیرۆریستییەکان سەرهەڵبدەنەوە؟**

- ئەوە راستە کە لایەك مەیلی ئەوە هەیە کە جارێ ئەوە بدرێت ئێمە ئامانجەکانمان بەدەست هێناوە ئەو گرووپە تیرۆریستەمان تێکشکاندووە ئیدی کاتی کشانەوەیە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە مەیلی ئەوەش هەیە کە بەشێك لە هێزی سەربازی جێگیر بکرێت بۆ نموونە لە سووریادا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش. ئەمە دووبارە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسی نەبوونی ستراتیژیەتێکی گشتگیر کە لە چوارچێوەی ئامانجەکانمان بە روونی دیاری بکەین.

*** لەم روانگەیەوە ئایا ئێوە مانەوەی هێزی سەربازیی ئەمریکا لە وڵاتانی عێراق و سووریا بە پێویست دەزانن بۆ ئەوەی دووبارە دۆخەکە بە خێرایی دوچاری دارمان نەبێتەوە؟**

- کێشەکە ئەوەیە کە لەلایەك ئەمریکا ناخوازێت بە تەواوەتی بکشێتەوە و لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئێمە بۆ کاتێکی نادیار بمێنینەوە، ئەوا ئەو کاتە روون نابێت ئایا

**لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکادایە کە کار لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا بکەن بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکان و بۆ برەودان بە دیموکراسی و گەشەپێدان، ئەگەرچی مەرج نییە ئەمە لە رێی دەستێوەردانی راستەوخۆ و سەپاندنەوە بێت**

**هەر کاتێک خەڵکی هەستیان کرد کە نوێنەرایەتی دەکرێن و بایەخیان پێدەدرێت، ئەوا ئەگەری پەنابردنیان بۆ توندوتیژی کەم دەبێتەوە**

**تورکیا وڵاتێکی بەهێزی ناوچەکەیە، ئەگەر نەڵێین بەهێزترین وڵاتی ناوچەکەیە، بۆیە ناکرێت ئێمە زۆر تووڕەی بکەین، واتە دەکرێت درێژە بە فشارەکان بدەین، بەڵام دەرگای گفتوگۆش بە رووياندا دانەخەین**

**تورکیا هاوپەیمانێکی گرنگە، بەڵام نیگەرانیی ئەوە لە ئارادایە کە ئەو وڵاتە لە سایەی دەسەڵاتی ئەردۆغاندا بەرەو خۆسەپێنی دەچێت**

**ئەمریکا وڵاتێکی زۆر بەهێزە و رەنگە بتوانێت ئابلۆقەیەکی سەخت بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، بەڵام پرسی پرۆگرامی ئەتۆمی بەلای ئێرانەوە هێندە جددییە، لەو باوەڕەدا نیم کە سازشی لەسەر بکەن، ئەوەش دۆخێک دەخوڵقێنێت کە ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە**

پێناسەی ئێمە بۆ سەرکەوتن چی دەبێت. بەڵام رەنگە رێگاچارەیەکی باشتر ئەوە بێت کە کار لەگەڵ هاوپەیمانەکانماندا بکەین و بەهێزیان بکەین بۆ ئەوەی پێویست نەکات سوپای ئەمریکا کاراکتەری سەرەکی بێت.

*** مەسەلەیەکی دیکەی مشتومڕهەڵگر بڕیاری ئیدارەی دۆناڵ ترەمپ بوو بۆ کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران و سەپاندنی سەختترین سزای ئابووری بەسەر ئەو وڵاتەدا، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- ئاشکرایە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆبامادا واژوو کرا، هەرچەندە رێککەوتنێکی بێ کەموکوڕی نەبوو، بەڵام رێگایەك بوو بۆ رەواندنەوەی بارگرژی پەیوەست بە پرسی چەکی ئەتۆمی و رەنگە هۆکارێکیش بووایە بۆ دروستبوونی پەیوەندی نزیکتر لە نێوان ئەمریکا و ئێران. ئەوەی پەیوەندی بە فشارە ئابوورییەکانەوە هەبێت، ئەوا روونە کە ئەمریکا وڵاتێکی زۆر بەهێزە و رەنگە بتوانێت ئابلۆقەیەکی سەخت بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، بەڵام پرسی پرۆگرامی ئەتۆمی بەلای ئێرانەوە هێندە جددییە، لەو باوەڕەدا نیم کە سازشی لەسەر بکەن، ئەوەش دۆخێك دەخوڵقێنێت کە ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە.

*** بەڵام ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هەمان سیاسەتی گرتنەبەری فشاری ئابووری لە ئاست تورکیاشدا پیادە کرد، لە کاتێکدا تورکیا هاوپەیمانێکی درێژخایەنی ئەمریکابووە و ئەندامی ناتۆیە، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- مەسەلەی تورکیا مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، تورکیا هاوپەیمانێکی گرنگە، بەڵام نیگەرانیی ئەوە لە ئارادایە کە ئەو وڵاتە لە سایەی دەسەڵاتی ئەردۆغاندا بەرەو خۆسەپێنی دەچێت. راستە ئەو هەرایەی ئەم دواییە زیاتر پەیوەست کرایەوە بە پرسی دەستگیرکردنی قەشە ئەمریکییەکەوە، بەڵام من پێموایە کێشەی گەورەتر هەیە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیادا. کەواتە لەلایەکەوە دروستکردنی فشار لەسەر ئەردۆغان کارێکی باشە بۆ ئەوە ناچار بکرێت رێز لە ژیان و بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە بگرێت، لەلایەکی دیکەوە تورکیا وڵاتێکی بەهێزی ناوچەکەیە، ئەگەر نەڵێین بەهێزترین وڵاتی ناوچەکەیە، بۆیە ناکرێت ئێمە زۆر تووڕەی بکەین، واتە دەکرێت درێژە بە فشارەکان بدەین، بەڵام دەرگای گفتوگۆش بە رووياندا دانەخەین.

*** کەواتە چۆن وەسفی پەیوەندییەکانی ئێستای ئەمریکا و تورکیا دەکەیت؟**

- ئێمە دەزانین تورکیا دیدوبۆچوونی جیاوازی هەیە، بە بەراورد بە ئەمریکا لە ئاست چەند پرسێکدا، وەك دۆخی سووریا کە هەڵوێستی جیاوازی لە ئاست هێزە کوردییەکانی سووریا هەیە، هەروەها پرسی نزیکبوونەوەی لە رووسیا کە مایەی نیگەرانییە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا من دوودڵم لەوەی بڵێم تورکیا بە تەواوەتی هاوپەیمانێکی متمانەپێنەکراوە، چونکە چەندین پرس هەیە کە ئێمە کاریان لەسەر بکەین و هیوادارام بتوانین درێژە بە پەیوەندییەکانمان بدەین.

*** هەر لە پەیوەندی بە پرسی تیرۆرەوە، ئێوە بە چڕ و پڕی کارتان لەسەر ئەم پرسە کردووە و توێژینەوەتان کردووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هۆکارە ریشەیی و بنەڕەتییەکانی دەرکەوتن و گەشەی رێکخراوە تیرۆریستییەکان لەم ناوچەیەدا چین؟**

- ئەمە پرسیارێکی گەورەیە و من پێموایە کۆمەڵێك هۆکار پێکەوە رۆڵیان بینیوە، دەکرێت ئێمە ئاماژە بە داپڵۆسین و سەرکوتکاری دەوڵەت بکەین وەك یەکێك لە هۆکارەکان، بۆ نموونە ئەو سەرکوتکارییەی حکومەتی میسر کردی بووە هۆی دروستبوونی تووڕەییەك کە کەسانی وەك بن لادن توانییان کەڵکی لێوەربگرن. لەگەڵ ئەوەشدا و سەرەڕای ئەوەی ئەو گرووپانە سوودیان لەو تووڕەییە وەرگرت، بەڵام دوای دەرکەوتنیان —وەك ئەل قاعیدە و داعش- دەرکەوت کە ئەگەرچی توانییان هەندێك پشتیوانی بەدەست بهێنن، بەڵام زۆرێك لە خەڵکی لە جیهان و لە ناوچەکەدا دژیان وەستانەوە.

*** باشە پێتوانییە شکشتی دەوڵەتانی ناوچەکە لە پرۆسەی حوکمڕانی یا داڕووخانی دەسەڵات لەم دەوڵەتانەدا زەمینەی لەباری بۆ**


پێشمەرگە یەکەم هێزبوو لەسەر ئەرز ئەفسانەی داعشی تێکشاند

**دروستبوونی ئەم گرووپانە خۆش کردبێت؟**

- دەکرێت ئێمە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەرفەتی بۆ هەندێ لەو گرووپانە دروست کرد. دواتر و لە بەهاری عەرەبیدا دەرفەتی دیکە بۆ ئەو گرووپانە ڕەخسا، وەك ئەوەی لە سووریادا بەدیمان کرد، کە دۆخی ئەو وڵاتە بواری بۆ سەرهەڵدانی داعش هێنایەئاراوە.

*** کەواتە ئەگەر پرسیارەکە پێچەوانە بکەینەوە، ئایا پێتوایە دروستکردنەوەی دامەزراوەی کارا لەم دەوڵەتانەدا و کارکردن بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتانە ئەرکی خۆیان ئەنجام بدەن، هۆکارێکە بۆ بەرگرتن لە دروستبوونی ئەم گرووپانە؟**

- بەڵێ، من هاوڕام و پێموایە بوونی دەوڵەتێك کە بتوانێت ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات و دیموکراسی و ئازادی بۆ خەڵکی دەستەبەر بکات، دەرفەتەکە لە دەستی گرووپە تیرۆریستییەکان دەردەهێنێت، چونکە هەر کاتێك خەڵکی هەستیان کرد کە نوێنەرایەتی دەکرێن و بایەخیان پێدەدرێت، ئەوا ئەگەری پەنابردنیان بۆ توندوتیژی کەم دەبێتەوە.

*** بەڵام پێتوانییە کارکردن بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتانە بتوانن بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن پێویستی بە هاوکاری و یارمەتیی دەرەکی هەیە، بەتایبەتی ئەمریکا و کێشەکەش ئەوەیە کە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا زۆر بایەخ بە بنیادنانی دەوڵەت و پەرەپێدانی دیموکراسی لە وڵاتانی دیکەدا نادات؟**

ئەوە راستە کە ئیدارەی ترەمپ گرنگی پەرەپێدانی دیموکراسی بە کەمبایەخ سەیر کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە لە سەردەمی ئیدارەی ئۆباماشدا دوودڵییەك هەبو بۆ کارکردنی چڕ و پڕ بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی لە وڵاتانی دیکەدا. هەرچۆنێك بێت لەو باوەڕەدام کە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکادایە کە کار لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا بکەن بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکان و بۆ برەودان بە دیموکراسی و گەشەپێدان، ئەگەرچی مەرج نییە ئەمە لە ڕێی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و سەپاندنەوە بێت.

**ڕێگاچارەیەکی باشتر ئەوە بێت کە کار لەگەڵ هاوپەیمانەکانماندا بکەین و بەهێزیان بکەین بۆ ئەوەی پێویست نەکات سوپای ئەمریکا کاراکتەری سەرەکی بێت**



**حاکم ئەحمەد ئەنوەر**

سەرۆکی دەستەی دەستپاکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# ستراتیژیەتی دژایەتیکردنی گەندەڵی لە کوردستاندا گەڵاڵەکراوەو ڕەزامەندی لەسەر دراوە و ئەنجومەنی باڵاشی بۆ پێکهێنراوە

# بەشێک لە کەیسەکان یەکلا کراونەتەوە کە ژمارەیان ٥٠ بۆ ٦٠ کەیس دەبێت و هەندێکیان بەهۆی نەبوونی بەڵگە داخراون

**نەهێشتنی گەندەڵی و خۆپاراستن لەگەندەڵی پێویستە لە ریزبەندی پێشەوەی کارەکانی هەموو حوکمڕانییەکی باش بێت، لەم روانگەیەوە لە هەرێمی کوردستان دەستەی دەستپاکی دامەزراوەو لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پاڵپشتی و ئاسانکارییەکی باشی بۆ کراوەو دەکرێت، هەر لەو پەیوەندییەدا گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی حاکم ئەحمەد ئەنوەر سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان کردووە، کە لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** دەستەی دەستپاکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ماوە کەمەی دامەزراوە تاچەند توانیویتی رێکاری پێویست بگرێتەبەر بۆ خۆپاراستن و دژایەتیکردنی گەندەڵی؟ تایا حکومەتی هەرێمی کوردستان تاچەند پاڵپشتی و کارئاسانی پێشکەش کردوون؟**

- دەزگای دەستەی دەستپاکی بە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان دامەزراوەو لە پەرلەمانیش لە ساڵی ٢٠١٣ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەڵبژێردرا، بەمەش دەستەکە دەسەڵاتی یاسایی هەیەو هەموو ئەرك و چالاکی و دەسەڵات و پێکهاتەکەی بۆ دیاریکراوە. پرۆسەی دامەزراندنەکەش کەوتە نێوان کابینەی حەوت و هەشتی هەرێمی کوردستان کە هاوکات بوو لەگەڵ برینی بودجە لەلایەن حکومەتی مەرکەزی بەغداوە، کە بووە هۆی دروستبوونی قەیرانی دارایی، برینی بودجەکەش لە قۆناغێکی سەخت و دژواردا بوو، کە هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی داعش و هاتنی بەلێشاوی ئاوارەو پەناهەندەو دابەزینی نرخی نەوت و چەندین گرفت و کێشەی دیکە، کە هەر هەمووی دۆخێکی دژواری لێکەوتەوە. واتا دەستەی دەستپاکی لەناو جەرگەی بارودۆخێکی دژوارو سەختدا دەست بەکاربوو، لەلایەك بودجە و توانای لەبەردەستدا نەبوو، لەلایەکی دیکەوە نیوەی ئەو هۆبە و بەشانەی لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئاماژەی پێکراوە، دانەمەزران، تەنانەت ژمارەی لێکۆڵەرمان زۆر کەمە، بە رادەیەك لە سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان ژمارەی لێکۆڵەرەوەکانمان ناگاتە ١٣ لێکۆڵەر، ئەمە لەکاتێکدا لە کوردستان پێویستمان بە ٥٠ بۆ ٧٠ لێکۆڵەر هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و بەو ماوە کەمە و بەو توانا سنووردارەی بەردەستمان توانیمان کاروچالاکی گەورە ئەنجام بدەین، کە رەنگە لە وڵاتانی دیکەی پێشکەوتوودا

**هیواداریین لەکابینەی نوێی حکومەتدا دژایەتیکردنی گەندەڵی وەکو پرسەکانی دیکەی باشکردنی گوزەرانی خەڵک و پاراستنی کوردستان ببێتە ریزبەندی پێشەوەی کارەکانی حکومەت**

نەتوانرابێت بەم ماوە کەمە و توانا داراییە نزمە ئەو هەموو کاروچالاکییە ئەنجام بدرێت. سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەشتان ئاشکرایە کە کاروچالاکیی سەرەکیی ئێمە دژایەتیکردنی گەندەڵییە؛ راستە تا ئێستا دژایەتیکردنی گەندەڵی لە کوردستاندا نەبووەتە ریزبەندی ژمارە یەکی کارەکانمان، چونکە لە ٢٠١٤ تا ئەمرۆ ئەولەوییەت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و پێدانی مووچە و رانەوەستانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و پاراستنی کوردستان لە تیرۆریستانی داعش بووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەو ماوە کەمەدا کارو چالاکیی زۆر گەورەمان ئەنجام داوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەچەند ئاراستە کارمان کردووە، کە گرنگترین ئاراستە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەیە لە رێگەکانی کۆڕو سیمینارو خول و دەزگاکانی راگەیاندن و پرۆگرامەکانی خوێندن، بڕیاریش بوو لەگەڵ رێکخراوی UNDP دەستپاکی و دژە گەندەڵی بخرێتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ پۆلەکانی (١) تاکو (١٠) بنەڕەتی، بەداخەوە ئەم پرۆژەیەی دەستپاکی بەهۆی نەبوونی ١٥٠ ملیۆن دینار پەکی کەوت. ئەوەی پەیوەست بێت بە پرۆسەی خۆپارێزی کە ئاراستەی دووەمی کارکردنی دەستەکەمانە، پێویستمان بەوە هەیە کە دەبێت کار بۆ بنبڕکردنی هۆکارو ژینگەی دروستبوونی گەندەڵی بکرێت، بۆ ئەمەش پێویستیمان بەوە هەیە رێکاریی خۆپارێزی بگرینەبەر کە لە بەندو بڕگەکانی رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوونی هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی عێراق لەساڵی ٢٠٠٧ بە یاسایەك چووەتە ناو رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دژایەتی گەندەڵی، بەمەش ئەم رێککەوتننامەیە بۆتە بەشێك لەیاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

*** کەواتە لەو ماوە کەمەدا توانیوتانە دەستنیشان و لێکۆڵینەوە لەسەر زۆرترین کەیسی گەندەڵی بکەن، ئایا ئەمە ناچێتە ناو بواری چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە؟**

- ساڵانە ژمارەیەکی زۆر کەیسمان تۆمارکردووەو لێکۆڵینەوەمان تێدا کردوون و رەوانەی دادگامان کردوون و بەشێك لە کەیسەکان یەکلا کراونەتەوە کە ژمارەیان ٥٠ بۆ ٦٠ کەیس دەبێت و هەندێکیان بەهۆی نەبوونی بەڵگە داخراون و چەند کەیسێکیش بەم دواییە بەر لێخۆشبوونی گشتی کەوتن. واتە لە سێ ساڵی رابردوودا لە سەرووی ٤٠٠ کەیس هەبووە کە لێکۆڵینەوەی تێدا کراوە، بەمەش بەراورد بەو توانا کەمەی هەمانبوو، سەرەتایەکی باشەو دەکرێت بکرێتە بەردی بناغە بۆ داهاتوو. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە بەنیازین لە داهاتوودا پێشنیار بۆ ئەنجومەنی دادوەری بکەین کە دوای ئەوەی خۆیان رێکخستۆتەوە و دوای ئەوەی ژمارەیەك دادوەر لە دادگای تەمییز دامەزران و ژمارەیەکیش خانەنشین بوون کە دادگایەکی تایبەتمەند دابمەزرێت بۆ کەیسەکانی گەندەڵی هاوشێوەی بەغدا، چونکە ئەگەر ئەم کەیسانە بچنە دادگانی دیکە، ئەوا یەکلاکردنەوەیان زۆر دوادەکەوێت. بەشێوەیەکی گشتی دەستەی دەستپاکی هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بووە لەسەر ئەو پرۆسە چاکسازییەی دەستی پێکردووە، بەتایبەتی لە کەیسی کەموکورتی لە بەرزکردنەوەی نایاسایی پلەی فەرمانبەران و ئەوانەی لە پلەباڵاکانن، وەکو پلەی وەزیر خانەنشین کراون، بێ ئەوەی وەزیر بووبن کە ئێستا ٤٦٤ کەسمان لەوانە لەبەردەستدایە. ئێستاش لەگەڵ ژمارەیەك لە لایەنەکانی دیکە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانین لە زۆر بواری بایۆمەتری و کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان و بوارەکانی ژینگە و دامەزراندن و شێوازی ئیشکردن و کەمکردنەوەی رۆتین و لێکۆڵینەوە لە پاڵاوگە نایاساییەکان، بۆ نموونە لەم بوارەدا هاوکاری دەستەی ژینگە بووین و لەکۆتاییدا تەنیا ٢٨ پاڵاوتگە دەمێنێتەوە کە کۆمەڵێك مەرجی ژینگەییان تێدایە، هەروەها ئێمە لە ساڵی ٢٠١٥ بە نووسراوی فەرمی داواکاریمان هەبووە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان، چونکە کوردستان پێویستی بە ٩-١٠ وەزارەتە، ئەوەتا وڵاتێکی وەکو فەرەنسا کە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشە و بەو قەبارە گەورەیەو ژمارەی دانیشتووان و بودجەیەکی زەبەلاحەوە تەنیا نزیکەی ١٥ وەزارەتی هەیە.

*** ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسان بە یەکێك لەو رێکارانەی خۆپاراستن دادەنرێت**

**بە هاوکاریی دەزگای وێستمنیستەری بەریتانی ستراتیژیەتی کوردستانمان بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی ئامادە کردووە و لە ئەنجومەنی وەزیراندا پەسەند کراوە**

**دروشمەکانی خۆمان لە رێی «سی دی»یەوە دایە کەناڵە ئاسمانییەکان، بەڵام بەداخەوە هیچ دەزگایەک ئامادە نەبوو بڵاویان بکاتەوە، بەڵام ئەگەر بێتو پێیان بڵێین کۆنگرەیەکی رۆژنامەنەوانیمان هەیەو زانیاری دەخەینەڕوو، ئەوا رەنگە هەموو ئەو دەزگایانە ئامادە بن**

**لە ساڵی ٢٠١٥ بە نووسراوی فەرمی داواکاریمان هەبووە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان، چونکە کوردستان پێویستی بە ٩-١٠ وەزارەتە**

**لەبەرامبەر گەندەڵیدا، ئایا تاچەند توانراوە ئەم ڕێکارە لە ڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێ بکرێت؟**

- خۆشبەختانە لەم بوارەدا توانیمان ڕێنمایی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسان لە یاسا دەربکەین و یەکەمین کاری دەستەکەشمان بوو کە لەمانگی ٣ی ٢٠١٤ پرۆسەی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسانی باڵامان دەست پێکردو فۆرممان بەسەر هەموو ئەو بەرێزانە دابەشکرد کە یاساکە بە پۆست ناوی هێناوە؛ کە هاتووە بەرپرسە باڵاکانی هەرێم بە سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرە بەرێزەکان و جێگرەکانیان و پەرلەمانتاران تاکو ئەوانەی بە پلەی جێگری بەڕێوەبەری گشتی دامەزراون، بەشێوەیەکی بەردەوام و لەسەر داوای سەرۆکی دەستەی دەستپاکی دەبێت سەروەت و سامانی خۆیان ئاشکرا بکەن.

*** ئەی لە بواری ڕەفتاری وەزیفییەوە چیتان کردووە، بەتایبەتی کە زۆربەی جار گلەیی و گازندەیەکی زۆر لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو کەسانە هەیە کە فەرمانبەرن، یاخود پۆستێکی باڵایان هەیە؟**

- پێوەرێکی جیهانی هەیە بەوەی کە فەرمانبەر چۆن کار دەکات و ئەرکەکانی چۆن جێبەجێ دەکات ؟ بۆ ئەم مەبەستە چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام داو بە سوودوەرگرتن لەو ڕێنماییانەی لە ٢٠١١ لەلایەن لێژنەی دەستپاکی و حوکمڕانیی باش لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووبوو، تونرا ڕێنماییەك دەربکەین و فەرمانبەر پابەند دەکات بە کۆمەڵێك ڕێنمایی تایبەت بە هەڵسوکەوت و ئیشوکاری دڵسۆزانە و بێلایەنانەی کارکردنی. هەروەها ڕێنماییەکی دیکەمان لەبەردەستدایە کە پێی دەوترێت بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان، بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان لەکوردستان و عێراق یەکجار زۆرە، بەتایبەتی بۆ ئەو فەرمانبەر و بەرپرسانەی کە لە شوێنێکی حکومەت کار دەکەن و لەشوێنێکی تایبەت خۆی یاخود کەسێکی نزیکی کاردەکات، کە لە زۆر وڵات وەکو ئوردن ئەمە بەیاسا کراوەتە تاوان. هەروەها زۆر ڕێگای دیکەش هەن بۆ خۆپارێزی، بەڵام بەهۆی سنووردراربوونی توانای ماددی ئێمە و بەهۆی هاوکارینەکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن نەمانتوانی هەڵمەتێکی گەورە بکەین و ئێمە دروشمەکانی خۆمان لە ڕێی «سی دی»یەوە دایە کەناڵە ئاسمانییەکان، بەڵام بەداخەوە هیچ دەزگایەك ئامادە نەبوو بڵاویان بکاتەوە، بەڵام ئەگەر بێتو پێیان بڵێین کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنەوانیمان هەیەو زانیاری دەخەینەڕوو، ئەوا ڕەنگە هەموو ئەو دەزگایانە ئامادە بن.

*** سەرکەوتنی هەر کارو پرۆژەیەك پێویستی بە ستراتیژییەتێك هەیە، ئایا ئێوە لە دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان لەسەر چ ستراتیژییەتێك کار دەکەن؟**

- ئێمە بە هاوکاریی دەزگای وێستمنیستەری بەریتانی ستراتیژیەتی کوردستانمان بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی ئامادە کردووە و لە ئەنجومەنی وەزیراندا پەسەند کراوە، لەسەرەتای ئەمساڵیشەوە لێژنەیەکی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و ژمارەیەکی دیکەی ئەنجومەن و لایەنە پەیوەندارەکان دامەزراوە. وەکو لە سەرەتای قسەکانمدا ئاماژەم پێدا بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش پرۆسەی دژایەتیکردنی گەندەڵییەکە دواکەوتووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کار نەکراوە، چونکە پرسی دژایەتیکردنی گەندەڵی پرسێکی نیشتمانییەو هیواداریین ئەگەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دوانەخرێت، لەکابینەی نوێی حکومەتدا دژایەتیکردنی گەندەڵی وەکو پرسەکانی دیکەی باشکردنی باروگوزەرانی خەڵك و پاراستنی کوردستان ببێتە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانی حکومەت، هەروەکو چۆن لەگەڵ دەزگاکانی تری چاودێری دەستەی دەستپاکی هاوکارو هەماهەنگ بووە بۆ دەستنیشانکردنی گەندەڵی و لێکۆڵینەوە لە کەیسەکان، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بەرەو کاروانی دژایەتیکردنی گەندەڵی لەکوردستاندا، چونکە تاوانی گەندەڵی بە هاوشێوەی تاوانی دزین و کوشتن لەگەڵ مرۆڤایەتیدا هەر دەمێنێت، بەڵام پێویستە ڕێژەو شوێنەوارەکانی کەم بکرێتەوە و تاوانباران سزا بدرێن و سەرجەم پرۆسەکەش پێویستی بە ئەرك و ماندووبوونی زیاتر هەیە.

**دەستەی دەستپاکی هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بووە لەسەر ئەو پرۆسە چاکسازییەی دەستی پێکردووە، بەتایبەتی لەکەیسی کەموکورتی لە بەرزکردنەوەی نایاسایی پلەی فەرمانبەران و ئەوانەی لە پلەباڵاکانن، وەکو پلەی وەزیر خانەنشین کراون، بێ ئەوەی وەزیر بووبن کە ئێستا ٤٦٤ کەسمان لەوانە لەبەردەستدایە**

**لەسێ ساڵی ڕابردوودا لە سەرووی ٤٠٠ کەیس هەبووە کە لێکۆڵینەوەی تێدا کراوە، بەمەش بەراورد بەو توانا کەمەی هەمانبوو، سەرەتایەکی باشەوە دەکرێت بکرێتە بەردی بناغە بۆ داهاتوو**

**تاوانی گەندەڵی بە هاوشێوەی تاوانی دزین و کوشتن لەگەڵ مرۆڤایەتیدا هەر دەمێنێت، بەڵام پێویستە ڕێژەو شوێنەوارەکانی کەم بکرێتەوە و تاوانباران سزا بدرێن**

### کێشەکانی میدیا لە هەرێم


### بەشی دووەم و سێیەم

# کێشەی خاوەنداریەتی و پرۆفیشناڵی

مەسەلەی خاوەنداریەتیی میدیا بابەتێکی گرنگە، چونکە خاوەنداریەتی بنەمای کارکردن و سیاسەت و ستراتیژیی میدیا دیاری دەکات. بەڵام ئایا ئەو خاوەنداریەتییەی میدیا لەوڵاتدا، نیشتمانییە، حزبییە، حکوومییە، تایبەتە...هتد؟ ئەمانە گرنگن بۆ ئەوەی لە فۆڕمی کارکردنی میدیاو کاریگەری و ناوەڕۆك و ئەجندای ئەو میدیایانە تێ بگەین.

بۆ باسکردن لەم بابەتە لە دوو گۆشە نیگاوە قسەی لەسەر دەکەین، یەکەم: ئایا میدیا بە گشتی لە وڵاتدا خاوەنێکی هەیە لە سەر ئاستی نیشتمان، وەك وەزارەتێك، دامەزراوەیەك، بۆردێك کە سەرپەرشتی بکات و سیاسەت و هێڵەکانی کارکردنی بۆ دابنێت و چاودێری بکات؟ دووەم: ئایا خاوەنداریەتەکانی تری دەزگا میدیاییەکان چین؟ حزبین، تایبەتن، کەسین و...هتد؟

بۆ خاڵی یەکەم گرنگە بەراوردێك بە میدیای وڵاتان بکەین کە لە دیموکراسییان تا دیکتاتۆریان، دامەزراوەیەك، یان بۆردێك و دەستەیەك هەیە بۆ سەرپەرشتیی میدیا کە دیموکراسییەکان بۆ ڕێکخستنی میدیا و دیکتاتۆرەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی بەکاری دێنن. بۆ نموونە لە بەریتانیا Of com هەیە، کە تایبەتە بە کۆمینیکەیشن و ڕێکخستنی هەموو جۆرەکانی کۆمینیکەیشن. لە ئەڵمانیا FCC و لە ئوردون ‹هیئة الإعلام› هەیە، لە عێراق ‹هیئة الاعلام والاتصالات› هەیە، بە هەمان شێوە وڵاتێك نابینێت لە جیهاندا میدیاو دەزگای میدیای هەبێت و لایەنێك بەرپرس نەبێت لە سەرپەرشتیکردنی. لە هەرێمی کوردستان بەپێی داتای توێژینەوەیەك کە مامۆستایەکی زانکۆی ئەڵمانی لەساڵی ٢٠١٤ لە زانکۆی سلێمانی پێشکەشی کرد تایبەت بە میدیای ئەڵمانی، هەرێمی کوردستان لەو کاتەدا نۆ (٩) هێندەی ئەڵمانیا ژمارەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی هەبووە، تا ئێستاش وەك دەزانین بەردەوام لە زیادبووندایە. جگە لە کێشەی نەبوونی سیستمی میدیایی




**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە هەرێم و بۆشایی گەورەی یاسایی و نەبوونی یاسایەکی گشتی لە ئاست ئەم فراوانییەی میدیا لە هەرێم و کێشەی دەستووری کە لە دەستووری هەرێمی کوردستان ئاماژەیەکی روون بە ئەرك و وەزیفەی میدیای نەکراوە.

میدیا لە هەرێمی کوردستان خاوەنی نییە، بەو مانایەی وەزارەتێك، ئۆرگانێك نییە لە ئاستی نیشتمان خاوەنی میدیا بێت، واتە بۆشاییەکی ئیداری و خاوەندارییەتی گەورە لە میدیای هەرێمدا دەبیندرێت، کە ئەمە سەرچاوەیەکی گەورەی پاشاگەردانی میدیایە لەم هەرێمەدا. لە رەهەندی دووەمەوە قسە بکەین لەسەر خاوەندارێتی و جۆری ئەو خاوەندارێتییەی کە میدیاکانی ئێمە هەیانە، دەبینین هەژموونی خاوەندارێتیی حزبی چارەکە سەدەیەکە باڵی کێشاوە بەسەرماندا، ئەمەش کاریگەری کردووەتە سەر ئەوەی میدیایەکی نیشتمانی و گشتی و موڵکی نیشتمان و هاووڵاتیمان نەبێت. هەروەها کۆمەڵگەیەکی سیاسی بە پەروەردەیەکی ململانێی سیاسی پەروەردەکراومان هەبێت. ئەوەی جێگای مەترسییە دیارنەبوونی خاوەندارێتییە، واتە خاوەندارێتیی حزبی هێشتا باشترە و تا رادەیەك بەهۆی بوونی خاوەنێکی دیار کە حزبەکەیە دەتوانرێت لە سیاسەت و ئامانجی میدیاکە تێ بگەیت و ئەگەر سەرپێچی، یان کارێکی ناتەندروستی کرد، ئاگادار بکرێتەوە، بەڵام لە خاوەندارێتی حزبییەوە بەرەو خاوەندارێتی کەسی و نادیار میدیا بەرەو پاشاگەردانی هەنگاو دەنێت، چونکە نازانرێت کێی لە پشتەوەیە و چ ئامانجێکی هەیە، حزبییەکە لەبەر بەرژەوەندی حزبی خۆی ناچار بووە پەیڕەوی هەندێك بەهاو نەریتی کۆمەڵگە بکات، بەڵام سەرهەڵدانی میدیای خاوەندارێتی کەسی و نادیار ئەوەندەی دی ژینگەی میدیای ئاڵۆز کردووە. یان میدیای خاوەندارێتیی تایبەت و بازرگانی کە ئەمانە ئێستا مۆدێلی قۆرخکەری ژینگەی میدیای وڵاتانن، بەڵام وڵاتان چ خاوەندارێتیی بازرگانی، یان هەر



جۆرە خاوەندارییەتییەکی تری میدیا لە وڵاتدا هەبێت، بەپێی یاسا و خزمەت بە نیشتمان ڕێکیانخستووە. ئەوەی جێگای مەترسییە لەم هەرێمە خاوەندارییەتییەکی شپرزە و پاشاگەردان لە میدیادا هەیە کە چەندین گرفتی بۆ خولقاندووین، لەوانە:

١-نەبوونی میدیاییەکی نیشتمانی کە موڵکی نیشتمان و هاووڵاتی بێت.

٢-ئاسان کۆنترۆڵ نەکردن و ڕێکنەخستنی ژینگەی میدیایی بە هۆی نادیاریی خاوەندارییەتی و تێکەڵ و پێکەڵیی خاوەندارییەتی.

٣-شپرزی لە دیدگاو ڕۆئیا و سیاسەت و ستراتیژی میدیای کوردی کە هەریەکە بە ئاواز و ئاراستەیەك بازاڕی خۆی گەرم کردووە.

٤-دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نائارام بەهۆی ململانێی میدیای حزبی و کەسی و خاوەندارە نادیارەکانەوە.

٥-کاریگەری لە کەمکردنەوەی ئاستی پڕۆفیشناڵی و ئیتیکی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا.

**چارەسەرەکان**

١-دامەزراندنی دەزگایەکی میدیای نیشتمانی کە حکومەت خاوەندارییەتی بکات و موڵکی گەل و نیشتمان بێت.

٢-کارکردن لەسەر کەمکردنەوەی میدیای حزبی و نەهێشتنی خاوەندارییەتی حزبی و کەسی بۆ میدیا.

٣-دیاریکردنی ئەرك و بەرپرسیارییەتی بۆ میدیای خاوەندارییەتی تایبەت و بازرگانی.

***

## کێشەی پڕۆفیشناڵی

ئەگەر لە کورتترین پێناسەیدا باسی پڕۆفیشناڵی بوون بکەین، بریتییە لە (بەپیشەیی کارکردن و ڕەچاوکردنی بنەما زانستی و یاسایی و ئیتیکییەکان) ئەمانە وادەکات، کارێك بە شێوەیەك ئەنجام بدرێت کە ئامانجی خۆی بەدەست بهێنێت و خزمەت بەو ژینگە و چین و بەرپرسیارییەتییە بکات کە لە بەرژەوەندیی گشتی و نیشتماندایە. ئەگەر لەو ڕوانەوە کە لەو کورتە پێناسەدا باسمان کرد، میدیای کوردی هەڵسەنگێنین، واتە لە ڕووی زانستی و ئیتیکی و یاساییەوە، ئەوا لە ڕووی زانستییەوە دەبێت ئەو ڕاستییەمان لە یاد بێت کە کاری ڕۆژنامەگەری و پیشەی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا سەردەمانێکی زۆر ئەزموونی بووە، واتە ئەوانەی کاری ڕۆژنامەنووسییان کردووە بە بێ بوونی بڕوانامەیەك یان خوێندنێکی زانستی دەستیان داوەتە ئەم کارە، تەنانەت لەسەردەمی ڕژێمی پێشووشدا ئەو کەسانەی توانیویانە بڕوانامە لە بەشی میدیایی بهێنن، بە پەنجەی دەست دەژمێردران، چونکە لە زانکۆکانی کوردستان ئەو بەشە نەبووە، لەو زانکۆ عێراقییانەش کە هەبووە، دەبوو ئەو کەسانە سەر بەو ڕژێمە بوونایە و مەرجەکانی وەرگرتنی زۆر قورس بوون. ئەمە وایکردووە کە ئەم پیشەیە بە ڕێچکەیەکی ئەزموونی بڕوات و ئیتر هەڵە زانستی و ئیتیکی و پیشەییەکانی ببێتە بنەما و ئاسانیش نییە کارێك سەردەمانێك بە نازانستی بڕوات، دواتر تۆ بتەوێت بە زانستی ڕێکی بخەیتەوە. هەر بۆیە دەبینین سەدان ڕۆژنامەنووسمان هەیە، ناڵێین ئاستی زانستیان کەمە، بەڵکو زۆربەیان بە تواناو دیارن لە ژینگەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیداو جێ دەستیان دیارە و بە ئەزموونیش دەستیان پێکردووە، بەڵام




ئامادە نین بەدوای دەستخستنی بڕوانامەیەکی زانستی بگەڕێن و زۆرجاریش قەناعەت بەو شێوازە نوێیە ناکەن کە ڕۆژنامەنووسە نوێیەکان لە ئەمڕۆدا لە زانکۆکاندا پێ دەگەن، بگرە هەندێك جاریش جۆرێك لە هەستیاربوون لە نێوانیاندا دەردەکەوێت. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر سەیری مێژووی بە زانستی بوون و ئەکادیمی بوونی خوێندنی میدیایی بکەین لە زانکۆ و پەیمانگاکانمان، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی بیست ساڵی رابردوو کە ئەمە مێژوویەکی زۆر کەمە بەراورد بە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی و مێژووی خوێندنی میدیایی لە زانکۆکانی جیهاندا. جگە لەوەی کە ئەو چەند بەش و کۆلیژەش هەیە بۆ خوێندن لەبەر کەم ئەزموونی و کەمیی پێداویستی هێشتا لە ئاست پێگەیاندنی ئەو رۆژنامەنووسە پراکتیکی و کارایەدا نییە کە واقعە رۆژنامەنووسییەکە دەیەوێت لەم سەردەمی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنەدا..ئەمە جگە لەوەی لە وڵاتاندا سەندیکا و ناوەند و رێکخراوەکانی بواری رۆژنامەگەری رۆڵێکی گەورەیان هەیە لە کردنەوەی خول و راهێنانی رۆژنامەنووسی و پەرەپێدانی کاری میدیایی و ئەپدەیتکردنی رۆژنامەنووس بە پێشکەوتنە نوێیەکانی کاری میدیایی، بەداخەوە لەم هەرێمەدا ئەمە نییە.

مەسەلەی بواری ئیتیکی نەبوونی میساقێکی شەرەفی کاری رۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان وایکردووە، میدیاو رۆژنامەنووس شتێك نەبێت پابەندی بێت، تاکو رەچاوی مافە گشتی و تایبەتییەکان بکات، لەهەمان کاتدا نەبوونی یاسایەکی گشتی بۆ راگەیاندن و ئەو بۆشاییە گەورە یاساییانەی لە بواری میدیا هەمانە، رۆژانە میدیا و رۆژنامەنووس دەخاتە چەندین هەڵەو سنوورشکاندن، لە ژینگەیەکی ئاواشدا کە گرفتی زانستی بوون و نەبوونی میساق و بنەمایەکی ئیتیکی و بۆشایی یاسایی هەبێت، ئیتر چۆن میدیا بە پرۆفیشناڵی کاربکات؟

**چارەسەرەکان**

١-پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندنی میدیایی و کردنەوەی بەش و پەیمانگا و ناوەندی پەرەپێدانی کاری رۆژنامەگەری.

٢-کارکردن بۆ ئامادەکردن و ئیمزاکردنی میساقێکی شەرەفی کاری رۆژنامەنووسی.

٣ -یاسایەکی گشتی بۆ راگەیاندن لە هەرێم دابنرێت.